دابینکردنی مافه نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردستـانی ئێـران

ژمارە ٦١٧، پێنجشەممە، ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٢، ٢١ی نوامبری ٢٠١٣، ١٥٠تمەن

www.kurdistanmedia.com



دەقی وتەکانی بەڕێز مستەفا...

٤



دەقی وتەکانی بەڕێز محەممەد...

٥



بڕیاری ڕاگرتنی شەڕی سێ مانگەی...

٨



جیهانێک شیاوی منداڵان

٩



ئامانجی ئێران و ئامریکا لە وتووێژەکان

١١

**بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی کۆچی دوایی موهەندیس ڕەزا خەیاتی**

**پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی جێژنی خاوەنکار**

بڕوانە لاپەڕەی ٢

# ماڵئاوا موهەندیس



موهەندیس ڕەزا خەیاتی، یەکێك لە دامەزرێنەرانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کۆچی دوایی کرد. بە پێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، کاتژمێر ٧ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ٢٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی، موهەندیس ڕەزا خەیاتی، کادری بە ئەزموونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا بە هۆی کارەساتی هاتوچۆ گیانی لەدەست دا.

تەرمی ئەم خەباتگێڕە دێرینە سەرلەبەیانیی ڕۆژی یەکشەممە، ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو ئاپۆڕای هاوسەنگەرانیدا بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردرا.

لەم ڕێوڕەسمەدا "مەسعوود تەك" سکرتێری گشتیی حیزبی سووسیالیستی کوردستانی تورکیە، مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزب و بنەماڵەکانیان بەشدار بوون.

پاش تەواو بوونی ڕێوڕەسمی بەخاك ئەسپاردن، ڕێوڕەسمێکی ڕێزلێنان بۆ یاد و بیرەوەرییەکانی ئەم خەباتکارە دێرینەی ڕێگەی ئازادی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چووز لەو ڕێوڕەسمەدا، مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ کەسایەتی و خەباتی ناوبراو چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

بەڕێز هیجری وێڕای هێما کردن بۆ خەباتی ٣٣ ساڵەی موهەندیس ڕەزا خەیاتی وتی: " بەشداریی هاونیشتمانانی تورکی ئازەری لە خەباتی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دژی ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئێراندا، نیشانەی یەکیەتی و هاوپێوەندیی دوو نەتەوەی کورد و ئازەرییە و ژمارەیەکی بەرچاو لە شارۆمەندانی ئازەری لە ڕیزی خەباتی نەتەوەی کورددا گیانی خۆیان فیدا کردووە کە موهەندیس ڕەزا خەیاتی یەکێك لەم کەسانەیە.

بەڕێز هیجری ئەوەشی زیاد کرد: " موهەندیس خەیاتی لە درێژەی خەبات لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دڵسۆزییەوە کارەکانی خۆی ڕادەپەڕاند و سەرەڕای تەواوی دژواری و کێشەکان کە لە لایەن ڕێژیمەوە بۆی دروست دەبوو، هیچ کات تووشی دوردۆنگی نەهات و لە ڕێگەی خەباتیدا تا دوایین چرکەکانی ژیانی بەهێز و ڕاوەستاو بوو.

پاش وتەکانی بەڕێزیان، حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی بە بۆنەی کۆچی دوایی موهەندیس ڕەزا خەیاتی بۆ ئامادەبووان خوێندەوە و پاشان "ئیلهام چایچی" بووکی موهەندیس خەیاتی بە پێشکەشکردنی چەند وتەیەك وێڕای ڕێزگرتن لە هەستی بەسۆزی هاوسەنگەرانی موهەندیس خەیاتی، ئەمەگناسیی بنەماڵەی ئەم شەهیدەی ڕێگەی ئازادی بۆ ڕێگەی بەڕێزیان و خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد دەربڕی.

موهەندیس ڕەزا خەیاتی ساڵی ١٣١٢ لە شاری خۆی لەدایك بووە و لە ساڵی ١٣٣٢ بوو بە فەرمانبەری ئەرتەش. لە ساڵی ١٣٥٠ ڕۆیشتووەتە مەهاباد و بووە بە دانیشتووی ئەو شارە. ناوبراو لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران و پاش بێ ئاکام بوونی هەوڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێناو چارەسەریی پرسی کورد لە ئێراندا، لە یەکەمین مانگەکانی هێرشی هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان، بوو بە ئەندامی حیزب و وەك بەرپرسی بەشی فەننیی ڕادیۆ لە دامەزراندنی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و درێژەی کاری ئەو ڕادیۆیە تا کاتی شەهید بوونی ڕۆڵێکی بەرچاوی بوو.

ڕۆحی شاد ویادی بەرز و بەڕێز بێت.

پەیڤ

زانیار

## لە یادی موهەندیس خەیاتیدا

کاتێك ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا لە بەرامبەر هێرشی سەربازیی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامیدا ناچار بە بەرگری لە خۆی کرا، وێڕای گەمارۆ ئابوورییەکان بایکۆتی خەبەریشی خستە سەر ڕووداوەکانی کوردستان و هەوڵی دا سیاسەتی سەرکوت و ئیعدامی بە کۆمەڵ و کوشتاری خەڵکی بێدفاع لە شار و گوندەکانی کوردستان لە بێدەنگی و سەرپۆش لەسەر دانااندا بەڕێوە بەرێ. تەنانەت جینایەت لە شوێنێکی کوردستان لە شوێنێکی دیکەی ئەو ناوچەیەدا و لە ئێران لە بەرچاوی خەڵك ون بکات، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەوتە بیری دامەزراندنی ڕادیۆیەك تا لەو ڕێگایەوە ئەم بایکۆتە خەبەرییە لە سەر خۆی لابەرێ و جینایەتەکانی ڕێژیم لە کوردستاندا لەقاو بدات. بە کردەوەکردنی ئەو بیرۆکەیەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێویستی بە شارەزای فەننی و کەرەستەی تایبەت هەبوو کە وەدەستهێنان و دابینکردنیان لەو هەلومەرجەدا کارێکی ئاسان نەبوو. لەو وەزعەدا بوو کە شۆڕشگێڕێکی ئازادیخوازی تورکی ئازەری سەری هەڵبڕی و ئامادەیی خۆی بۆ خزمەت بە بزووتنەوەی کورد لەو سەنگەرەدا پیشان دا. ئەو تێکۆشەرە موهەندیس ڕەزا خەیاتی بوو کە بڕیاری دا لە ژیانی ئاسایی و گوزەرانی ئاسوودە مەودا بگرێ و لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا سەنگەر لە دیکتاتۆری و کۆنەپەرەستی بگرێ و زانستی خۆی و بەشێك لە ئیمکاناتی فەننی بخاتە خزمەت بزووتنەوەی کورد. بەمشێوەیە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانی هێنایە سەر گۆڕەپانی شۆڕش و کردی بە هاواری بزووتنەوەی کورد و کەرەستەی لەقاودانی جینایەتەکانی ڕێژیم لە لایەك و بەرخودانی ڕۆڵەکانی کورد لە لایەکی دیکەوە. خزمەتی موهەندیس خەیاتی هەر بە دامەزراندنی ڕادیۆ لە ماوەیەکی کورتدا کۆتای نەهات، بەڵکوو سی و سێ ساڵ لەگەڵ ئەم ڕادیۆیە و لە نێو ڕیزەکانی تێکۆشەرانی دێموکراتدا ژیا. ڕادیۆی پاراست و پێیگەیاند. مەترسی، بێ ئیمکاناتی، هەڕەشەی ڕێژیم و هەلومەرجی دژواری ژیانی ئاوارەیی هیچیان نەیانتوانی موهەندیس خەیاتی لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دابڕن و ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکرات لە موهەندیس خەیاتی بەتاڵ بکەن.

ئەو خزمەت و خۆڕاگرییە، موهەندیس خەیاتیی لە بەرچاوی کورد و ئازادیخوازاندا کردە نموونەیەکی بەرچاوی مرۆڤدۆستی، دێموکراسیخوازی و کەسایەتییەکی جێگای ڕێز و خۆشەویستی. بۆیە لە کاتی ڕوودانی ڕووداوە دڵتەزێنەکە و گیان لەدەستدانیدا ئەو ڕێوڕەسمەی کە لە خاك ئەسپاردن و ڕێز لێ گرتن بۆی بەڕێوە چوو، شایانی هەستی مرۆڤدۆستی و خزمەتە بەردەوام و شوێندانەرەکانی بوو. ئەو ئەمگناسییەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی بەرامبەر بە موهەندیس خەیاتی بێگومان هەرگیز کۆتایی نایەت و بۆ هەمیشە ناو و یاد و تایبەتمەندییەکانمی موهەندیس خەیاتی لە دڵی یەك بە یەکی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە زیندوویی دەهێڵێتەوە. یادی بەخێر بێت.

## بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی کۆچی دوایی موهەندیس رەزا خەیاتی



هاونیشتمانانی بەڕێز!

کۆمەڵانی خەباتگێڕی خەڵکی کوردستان !

کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە رادەگەیەنین کە ساعەت ٧ ی ئێوارەی رۆژی شەممە رێکەوتی ٢٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ هەتاوی بەرانبەر بە ١٦ ی نۆڤامبری ٢٠١٣ی زایینی هاوڕێی تێکۆشەر، خەباتگێڕی ماندوویی‌نەناس موهەندیس رەزا خەیاتی کادری لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تەمەنی ٨٠ ساڵی و لە رووداوێکی دڵتەزینی ماشیندا گیانی لە دەستدا.لە دەستدانی کەسایەتییەکی وەك موهەندیس رەزا خەیاتی خەسارێکی گەورەیە بۆ بزووتنەوەی کورد بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی. موهەندیس رەزا خەیاتی کە رۆڵەیەکی تورکی ئازەری و کادرێکی خاوەن رابردووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، لە ساڵی ١٣١٢ی هەتاوی لە شاری خۆی لە پارێزگای ورمێ لە دایك بوو. لە ساڵی ١٣٣٢ پاش تەواوکردنی دەورانی دەبیرستان لە ئەرتشدا دامەزرا و پاش دە ساڵ لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا نەقڵی ژاندارمری کرا و لە بەشی بیسیم و دەزگاکانی ئەلیکترۆنیکیدا شارەزاییەکی بەرچاوی بەدەست هێنا. موهەندیس رەزا خەیاتی لە ساڵەکانی پێش شۆڕشی گەلانی ئێران لە شاری مەهاباد نیشتەجێ بوو و بە هەڵسوکەوت و رەفتاری ئینساندۆستانەی خۆی جێگای لە دڵی خەڵکی ئەو شارەدا کردەوە و لە نزیکەوە لەگەڵ ئێش و ئازارەکانی نەتەوەی کورد ئاشنا بوو. بە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و بێ ئاکام بوونی هەوڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ چارەسەریی پرسی کورد لە ئێران بە شێوەیەکی هێمنانە کە سەرئەنجام هێرش بۆ کوردستان و کوشتاری رۆڵەکانی کوردی بە دوادا هات، موهەندیس رەزا خەیاتی هەستی ئازادیخوازی و هاوسۆزیی خۆی لەگەڵ گەلی کورد و بزووتنەوە مافخوازانەکەی دەربڕی. کاتێك کە بۆ رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە ئێران رێگایەك بێجگە لە بەرگری لە مان و مافی خۆی نەمایەوە و بزووتنەوەی کورد بەرینیی بە خۆیەوە دیت و پێویست بوو هەڵوێستی حیزب و هەواڵی چالاکییەکانی تێکۆشەرانی کورد بە خەڵکی کورد و هاونیشتمانان بگا و بۆ ئەو مەبەستەش پێویستیی بوونی رادیۆ هەست پێکرا، ئەوە موهەندیس رەزا خەیاتی بوو کە زانست و شارەزایی خۆی و تەنانەت بەشێك لە پێویستییەکانی رادیۆی لەسەر داوای حیزب خستە خزمەت بزووتنەوەی کورد، شار و ژیانی ئاسایی جێهێشت و شاخ و شۆڕشی هەڵبژارد و بە دامەزراندنی رادیۆ، دەنگی دلێری رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانی لە ٢٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاویدا بە گوێی بیسەرانی گەیاند. لەو کاتەوە هەتا رۆژی گیان لەدەست دانی رادیۆی لە ئامێزی خۆیدا پێگەیاند و پەرەی پێدا و هەموو کاروباری تەکنیکیی ئەو رادیۆیەی بەو پەڕی سەداقەت و پاکییەوە راپەڕاند. لەژێر رەهێڵەی بۆمب و لەژێر بۆمباران و لە کاتی هێرشی هێزەکانی رێژیم بۆسەر رادیۆ و ناچار بوون بە راگواستنی رادیۆ لەم شوێن بۆ ئەو شوێن و لەو چیا بۆ ئەو چیا ئەوە هیمەت و هەوڵی موهەندیس رەزا خەیاتی بوو کە رێگای نەدا دەنگی رادیۆ بۆ ساتێك کپ ببێ. هەر لە پەنا ئەرکی قورسی راگرتن و پێ راگەیشتن بە کاری تکنیکی رادیۆدا، سەدان کادری بۆ بیسیم و کار بەو دەزگایانە پەروەردە کرد و دەیان کادریشی وەك ئۆپراتۆر و بەشی فەننیی رادیۆ پێگەیاند. هەر بۆیە لە نێو ریزەکانی حیزبدا جێگایەکی شایانی زەحمەتەکانی خۆی هەبوو و لە لای دوکتور قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی و باقی رێبەرانی حیزب و بەرپرسانی رادیۆ بە شێوەیەکی تایبەتی خۆشەویست بوو، هەروەك بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانیش بەو رادەیە لە لای موهەندیس رەزا خەیاتی خۆشەویست بوون، تێکۆشانی سی‌وسێ ساڵەی موهەندیس رەزا خەیاتی لە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا وەك رۆڵەیەکی تورکی ئازەری نموونەیەکی شازی هاوخەباتیی دوو نەتەوەی کورد و تورکی ئازەری بوو هەروەها وەبیرهێنەرەوەی هاوخەباتیی و هاوپەیمانیی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان بوو.

موهەندیس رەزا خەیاتی لە ماوەی سی‌وسێ ساڵی خزمەت و خەباتی خۆی لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە هۆی وەفاداری بە ئامانجەکانی حیزب و بڕوای قووڵی بە دێموکراسی و دابینبوونی مافی نەتەوەکانی ئێران و ئەو سەداقەت و دڵسۆزییەی کەلە تایبەتمەندییەکانی ئەو تێکۆشەرە بوون، چەندین جار لەلایەن رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لەوحی سوپاس و پێزانینی پێشکەش کرا و لەم ساڵانەی دواییدا وەك موشاویری فەننیی سکرتێری گشتیی حیزب دیاری کرا کە هەموو ئەوانەی بە شانازیوە وەك سەرمایەیەکی مەعنەوی لە ژیان و خەباتی خۆی لە شوێنی ژیانی لە بان سەری ریزی کردبوون. موهەندیس رەزا خەیاتی هەرکات لە ئاوات و ئارەزووەکانی دەدوا دەیگوت یەکەم ئاواتم بە ئازادی و مافی نەتەوایەتی گەیشتنە و دووهەمیان ئەوە کە ئەگەر بەم ئاواتەم نەگەیشتم و مەرگ مەودای نەدام، لەسەر شان و پیلی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرەو ماڵی ئەبەدی بەڕێ بکرێم و تەسلیم بە خاکم بکەن.گیان لەدەستدانی موهەندیس خەیاتی بۆ یەکیەکی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بۆ هەموو دڵسۆزانی بزووتنەوەی کورد و ئەو رۆڵانەی ئەو پەروەردەی کردن و پێیگەیاندن، خەمێکی گران و خەسارێکی گەورەیە و بێگۆمان یاد و بیرەوەرییەکانی ئەو تێکۆشەرە بۆ هەمیشە لە دڵی رۆڵەکانی نەتەوەی کورددا بە زیندوویی دەمێنێتەوە. دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەمان کاتدا خۆی خەم هەڵگری گیان لەدەستدانی موهەندیس رەزا خەیاتی و ئەو کادرە بە وەجە و وەفادارەی خۆیەتی، سەرەخۆشی لەسەرجەم رۆڵەکانی نەتەوەی کورد و تورکی ئازەری و ئۆگرانی دێموکراسی و دابین بوونی مافی نەتەوەایەتی بە گشتی و بنەماڵەی بەڕێز موهەندیس رەزا خەیاتی بە تایبەتی دەکا و ئاواتی ئەوە دەخوازێ کە ژیانی و خەباتی ئەو تێکۆشەرە بۆ رۆڵەکانی نەتەوەکانی ئێران نموونە بێ و نموونەی زیاد و زیاتر بێ.

وەدی بێ ئاواتەکانی موهەندیس رەزا خەیاتی
پڕ رێبوار بێ رێگای گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی
رۆحی شاد و یادی بەخێر بێ

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
١٣٩٢/٨/٢٦ی هەتاوی
٢٠١٣/١١/١٧ی زایینی

## پەیامی پیرۆزبایی مستەفا هیجری بەبۆنەی جێژنی خاوەنکار جێژنی ئایینی یاری

خوشك و برا خۆشەویستەکانی پەیڕەوی ئایینی یاری!

سڵاوی گەرمی بەرخۆدان!

بە بۆنەی جێژنی ئایینیی خاوەنکارەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆم و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانتان پێشکەش دەکەم، ئاواتم ئەوەیە رێوڕەسمە پیرۆزەکەتان ئەمساڵ پڕ لە خۆشی و شادی و دوور لە زوڵم و زۆرداریی رێژیمی دژی ئازادی تێپەڕ بێ. هاوکات لەگەڵ پیرۆزبایی ئەم رێوڕەسمە ناکرێ بەرخۆدان و فیداکاریی خوشك و براکانی یاری لەم ساڵدا وەبیر نەهێنینەوە و رێزیان لێ نەگرین. ساڵی ١٣٩٢ پەیڕەوانی ئایینی یاری زۆرتر و زەقتر لە ساڵانی رابردوو کەوتنە بەر هێرشی دڕندانە و ئیهانەکردنی بەکرێگیراوانی رێژیم، ئەو هێرش و ئیهانەکردنە گەیشتە رادەیەك کە حەسەن رەزەوی، نیکمەرد تاهیری و کەیۆمەرس تەمەناك بە نیشانەی دەربڕینی ناڕەزایەتی بەو هەموو ئیهانە و زەختەی کە دەرهەق بە پەیڕەوانی ئایینی یاری رەوا دەبینرێ ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەردا و بە داخەوە گیانیان لە دەست دا. بێجگە لەوانە کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکانی ئەو خوشك و برا کوردانەمان لە بەر دەرکی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی، کۆبوونەوەی یارسانییەکانی ئوستانەکانی کرماشان و ئیلام هاوکات لەگەڵ سەردانی هاشمی رەفسەنجانی لە کرماشان و تەنانەت چاوپێکەوتنی نوێنەری یارییەکان لەگەڵ سەرۆکی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی و قەول و قەرارێکی لەوێ پێیان درا بوو، توندوتیژی و سەرکوتی تێکۆشەرانی مافی یاری هەروا بەردەوامە. هەر ئێستا ژمارەیەك لەو تێکۆشەرانە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدان. بەپێی زانیارییەکانی کە بە دەستی ئێمە گەیشتووە لە ناوچەکانی بیلەواری کرماشان، سەرپێڵی زەهاو لە دەوروبەریمیاندواو و باقی شوێنەکان، بنەماڵەکانی یارسانی لە ژێر هەڕەشەی جیددی دان بۆ ئەوەی دەست لە بیر و باوەڕی خۆیان هەڵگرن. هەموو ئەو ستەم و سەرکوت کردنانەی پەیڕەوانی ئایینی یارسان تەنیا لە بەر ئەوەیە، لە بەرانبەر هەڕەشە و زەخت و زۆری کۆماری ئیسلامیدا سەردانانەوێنن و لەسەر داواکانیان کە بە رەسمی ناسینی ئایینەکەیان و لابردنی جیاوازییەکان لەسەریان بۆ ئەوەی چی دیکە بە تاوانی پێداگری لەسەر باوەڕمەندی بە ئایینەکەیان سەرکوت نەکرێن سوورن، بەڵام بەداخەوە رێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەزیەت و ئازاری یارسانییەکان هەروا بەردەوامە.

خوشك و برا بەڕێزەکانی ئایینی یارسان!

بە بۆنەی جەژنی خاوەنکارەوە جارێکی دیکە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك هەمیشە پشتیوانی لە داخوازە رەوا و دێموکراتیکەکانی ئێوە رادەگەیەنێ، لە خەم و ئازارەکانتاندا خۆی بە بەشدار دەزانێ و یادی قوربانییەکانی یارسانی بەتایبەت ئەو ٣ بەڕێزەی کە لە چەند مانگی رابردوو بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی بە زوڵم و زۆری رێژیم ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەردا و کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا بەرز دەنرخێنێ و دووبارە سەرەخۆشیی خۆی پێشکەش بە ئەندامانی بنەماڵەکانیان و هەموو ئێوەی بەڕێز دەکا. هەروەها رێز و قەدردانیی خۆمان پێشکەش بە هەموو ئەو تێکۆشەر و ئازادیخوازانەی یاری دەکەین کە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا لەژێر ئەشکەنجە و ئیهانەتەکانی بەکرێگیراوانی رێژیم سەر دانانەوێنن و سوورن لەسەر بیروباوەڕی خۆیان. هەر لەو بۆنەیەدا بە پێویستی دەزانین جارێکی دیکە ئەو راستییە وەبیر خەڵکی کوردستان بێنینەوە کە بە پێچەوانەی وەعدە و قەوڵ و قەرارەکان کە رووحانی لە سەردەمی تەبلیغاتی هەڵبژاردندا بە گەلانی ئێرانی دەدا و ژمارەیەك لە خەڵکیش زۆر ساویلکانە دڵیان بەو قەول و قەرارانە خۆش کرد بوو، تەنانەت هەتا ئێستاش بە مەبەستی بە لاڕێدابردنی بۆچوونی خەڵك بەتایبەت کوردەکان، تەبلیغاتی بۆ دەکەن. هەروەك حیزبی دێموکرات زۆر جار رایگەیاندووە رێژیمی کۆماری ئیسلامی ریفۆرم هەڵگر نییە و ماهیەتەکەی هەر ئەوەیە کە ئێستا لەبەر چاومانە و نموونەیەکە لە شێوەی رەفتاری لەگەڵ هاونیشتمانانی یارسانیمان و باقی جیابیرانی ئێران. بۆیە جارێکی دیکە ئەو سیاسەت و بەرنامەی حیزبی دێموکرات دووپات دەکەینەوە کە هەر چەشنە ئازادی و گەیشتن بە مافی نەتەوەکان یەك لەوان نەتەوەی کورد بە هەموو پێکهاتەکەیەوە، بەستراوەتەوە بە نەمانی کۆماری ئیسلامی. ئەو بۆچوونەی حیزبەکەمان لە ئەزموونی زیاتر لە ٣ دەیە لە دەسەڵاتداریی ئەو رێژیمە و بنچینەی بیر و باوەڕەکەیەوە سەرچاوە دەگرێ. لە کۆتاییدا داوا دەکەین جارێکی دیکە پیرۆزباییمان بە بۆنەی جێژنی خاوەنکار و هاودەردیمان لەگەڵتان قەبووڵ بکەن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
مستەفا هیجری
٢٧ خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی

**بڕووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

## کۆنگرەی نەتەوەیی کورد: داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان دەکەین

ڕێکەوتی ٢٠١٣/١١/١٠ی زایینی لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە شاری هەولێر کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا. پاش گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە سەبارەت بە تەواونەبوونی پێویستییەکانی بەستنی کۆنگرە کە بڕیار بوو لە ٢٥ی ئەم مانگەدا ببەسترێت، کە بەهۆی هەندێ گرفتی سیاسی و تەواونەبوونی ئامادەکارییەکان ناتوانین کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا ببەستین، بۆیە دەمانهەوێ بە هەموو لایەکی ڕابگەیەنین بەناوی گشت ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرەوە کە نوێنەرایەتیی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی گشت پارچەکانی کوردستان دەکەن، داوای لێبوردن لە گەلی کوردستان دەکەین.لە لایەکی دیکەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە وەکوو لیژنەی ئامادەکار بەردەوام دەبین کە کارەکانمان بۆ تەواوکردنی پێوەندییەکانی بەستنی کۆنگرە لە کاتێکی گونجاودا، ئومێدیش دەکەین کە گیروگرفتە سیاسییەکان بە دیالۆگ و بە هەند وەرگرتنی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی چارەسەر بکرێن کە ئەوەش بەستێن بۆ بەستنی کۆنگرە خۆشتر دەکات.
هەروەها دووپاتی دەکەینەوە کە بەردەوام دەبین لە کۆبوونەوەکانمان بۆ تەواوکردنی کاری تەکنیکی و بەدواداچوون بۆ چارەسەریی هەر گرفتێك کە بێتە پێش بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد.

لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد
٢٠١٣/١١/١٠ی زایینی
هەولێر ـ کوردستان

## نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شۆرای ئینترناسیۆناڵ سوسیالیست بەشداریی کرد




ڕێکەوتی ٢٠ و ٢١ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی کۆبوونەوەی شوورای ئینترناسیۆناڵ لە شاری ئیستانبۆڵی تورکیە بەڕێوەچوو، قەیرانی نەبوونی دێموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقا و هەڕەشەی ئەمنیەتی و نەبوونی ئاشتی و ئارامی لەم ناوچەیەدا، تەوەری سەرەکیی کۆبوونەوەی ئەو شۆرایە بوو. نوێنەری پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەراوێزی ئەو کۆبوونەوەیەدا چەندین دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ نوێنەرانی حیزبەکانی بەشدار ئەنجام دا و تێیدا کەموکۆڕییەکانی ئەو کۆبوونەوەی وەکوو، ئەوەی کە هیچ باسێك لە نەتەوەی کورد نەکراوە، هێنایە ئاراوە.ڕەوتی لە سێداردانی زیندانییانی سیاسیی کورد و بەلووچ، خەباتی نەتەوەی کورد بۆ ئازادی و دێموکراسی و لە ئەنجامیشدا سەقامگیری و پەرەپێدانی دێموکراسی لە ناوچەکە، بەشێکی دیکە لە باس و دیدارەکانی نوێنەری حیزبی دێموکرات لەو کۆبوونەوەیەدا بوون.

## بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی نارەزایەتی لەهەمبەر ئیعدامی لاوانی کورد لە وڵاتانی ئورووپا و ئامریکا

کوردانی دانیشتووی وڵاتانی ئورووپا و ئامریکا "سوید، نۆرویژ، دانمارک، فینلاند، ئامریکا، ڕۆژهەڵاتی کانادا، ئاڵمان"
بۆ مەحکوومکردنی لەسێدارەدانی لاوانی کورد بە دەستی ڕێژیمی ئێران کۆبوونەوی نارەزایەتییان بەڕێوە برد. خۆپیشاندەران بە دانی دروشمی جۆراوجۆر و بەرزکردنەوەی پلاکارد و وێنەی گیراوە سیاسییەکان، پشتیوانیی خۆیان لە بەندکراوە سیاسییەکان دووپات کردەوە و بە خوێندنەوەی وتار و دروشمدان، پشتگیری و هاودەردیی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەی لە سێدارە دراوەکان و گیراوە سیاسییەکان دەربڕی.

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ساڵیادی کۆچی دوایی موقبیل هونەر پەژوو لە شاری بۆکان

بەپێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕێکەوتی ٢٤ی خەزەڵوەر ڕێوڕەسمی ساڵیادی کۆچی دوایی موقبیل هونەر پەژوو لەبناری چیای بەردە زەردی شاری بۆکان بەڕێوە چووە کە تیایدا بنەماڵەی هونەر پەژوو، گرووپی شاخەوانیی زاگرۆسی نەغەدە، هەیئەتی شاخەوانیی پیرانشار، گرووپی شاخەوانیی سوورکێوی بانە، گرووپی شاخەوانیی شارستانی سەقز و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەدیبان و وەرزشکارانی کورد بەشدار بوون. لەو ڕێوڕەسمەدا، پەیامی بنەماڵەی ئەو شاخەوانە کۆچکردووە و چەندین پارچە شێعر خوێندراوەتەوە.
هێزە ئەمنیەتییەکان بە جلوبەرگی شەخسییەوە لەوێدا حوزوریان هەبوو و ڕێوڕەسمەکەیان خستبووە ژێر چاوەدێرییەوە.

## ژنە چالاکێکی کورد لەلایەن دادگای بۆکانەوە سزای ٢ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا

ئاژانسی هەواڵی موکریان بڵاوی کردەوە، شەهین بایەزیدپوور بە تۆمەتی ئەمنیەتی لەلایەن دادگای بۆکانەوە ٢ ساڵ زیندانی بە سەرداسەپا. بە بەپێی ئەم راپۆرتە هێزە ئەمنیەتییەکان ئەو ژنە چالاکەیان ٥ مانگ پێش ئێستا لە ماڵی باوکی لە بۆکان دەسبەسەر کردووە و کامپیۆتر و کەلوپەلی شەخسیی ناوبراویشیان زەوت کردووە. شەهین بایەزیدپوور پاش دەسبەسەر کران بۆ ماوەی یەك مانگ لە دەسبەسەرگەی ئیتلاعاتی بۆکان لێپرسینەوەی لێکراوە و پاشان بۆ زیندانی ئورمیە ڕاگوێزراوە و پاش ماوەیەکی دیکە ڕەوانەی زیندانی مەهاباد کراوەتەوە. ئەو ژنە چالاکە هەنووکە لە بەندی ژنانی زیندانی ناوەندیی مەهاباد دایە.

## زیندانییەکی سیاسی لە زیندانی بەندەر عەبباس دەستی دایە مانگرتن

کەمپەینی بەرگری لە زیندانییانی سیاسی و مەدەنی بڵاوی کردەوە، عەلی مورادی زیندانیی سیاسیی کورد کە زیاتر لە ١٠ ساڵە لە زیندانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا دەسبەسەرە، ڕێکەوتی ٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی، بەهۆی پێڕانەگەیشتنی پزیشکی و ڕاگواستنی بۆ زیندانی بەندەر عەبباس، مانی لە خواردن گرتووە.
عەلی مورادی ڕێکەوتی ٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٨٢ی هەتاوی، بەتۆمەتی هاوکاریی حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە شارۆچکەی "کانی‌دینار"ی سەربە ناوچەی مەریوان لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەر و دواتر بە تۆمەتی "موحاربە" لە ڕێگای "ئەندامەتی لەو حیزبەدا" لەلایەن دادگای ئینقلابی شاری مەریوانەوە سزای "٣٠ ساڵ زیندان و دوورخرانەوە بۆ زیندانی میناب"ی بەسەردا سەپا.

## دوو هاووڵاتیی کورد لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر کران

کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ پێکهێنانی دامەزراوە کرێکارییەکان بڵاویکردەوە، مێهرداد سەبووری و ئەفشین نەدیمی، پاش گەڕانەوە لە هەرێمی کوردستانی باشوور لە خاکی ئێراندا لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر و هەنووکە لە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری کامیاراندا دەسبەسەرن. بەپێی ئەم راپۆرتە هیچ زانیارییەك لە بارودۆخی تەندروستیی ئەو دوو چالاکە کرێکارییە لەبەر دەستدا نییە و هەتا ئێستا هیچ چەشنە پێوەندییەکیان لەگەڵ بنەماڵەکانیان نەبووە.

## هێزە نیزامییەکان لە شاری بانە کچێکی تەمەن ١٧ ساڵەیان کوشت

بەپیی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا؛ ڕێکەوتی ٢٣ی خەزەڵوەر کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ بەناوی "ئەوین عوسمانی" خەلکی شاری بانە کە لەلایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە درابوویە بەر دەستڕێژی گوللە گیانی لەدەست دا. "ئەوین عوسمانی" ڕێکەوتی ٢٢ی خەزەڵوەر هاوڕێ لەگەڵ برایەکەی چووبوونە سەیران و لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، لەلایەن هێزە نیزامییەکانەوە بەبیانووی هەڵگرتنی کەلوپەلی قاچاخ ، تەقەیان لێکراوە.

## ٩ ساڵ و شەش مانگ سزای زیندان بەسەر برایانی کوردپووردا سەپا

ئاژانسی هەواڵی موکریان بڵاوی کردەوە، ڕێکەوتی ١٨ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی، خوسرەو و مەسعوود کوردپوور دوو ڕۆژنامەنووسی بەندکراوی کورد سزای زیندان و دوورخرانەوەیان بەسەردا سەپا. ئەو دوو برایە بەپێی ماددەکانی ٥٠٠ و ٦١٠ی یاسای سزای ئیسلامی بە تۆمەتی "کۆبوونەوە و هەوڵدان لەدژی تەناهیی نەتەوەیی و چالاکیی تەبلیغی لەدژی نیزام" سزای زیندان و دوورخرانەوەیان بەسەردا سەپاوە. خوسرەوی وتوویەتی: خوسرەو کوردپوور بە تۆمەتی کۆبوونەوە و هەوڵدان لە دژی تەناهیی نەتەوەیی سزای ٥ ساڵ زیندانی تەعزیری و بە تۆمەتی چالاکیی تەبلیغیش سزای ١ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاوە. ئەو داواگرە هەروەها ڕاشیگەیاند: مەسعوود کوردپوور بە تۆمەتی "کۆبوونەوە و هەوڵدان لەدژی تەناهیی نەتەوەیی" سزای ٣ ساڵ زیندانی تەعزیری و بە تۆمەتی "چالاکیی تەبلیغی" سزای شەش مانگ زیندانی بەسەردا سەپاوە. بەپێی زانیارییەکانی بڵاو بووەوە لە ئاژانسی هەواڵی موکریان، بە گشتی خوسرەو سزای بە ٦ ساڵ سزای زیندانی تەعزیری و موسعوودیش بە ٣ ساڵ و نیو زیندانی تەعزیری مەحکووم کراون.

## لە کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتی لە شاری "سۆران"، شەپۆلی نوێی ئیعدامەکان لە ئێران مەحکووم کرا

ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی، لەلایەن کوردانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دانیشتووی شاری "سۆران" لە هەرێمی کوردستان بە مەبەستی مەحکووم کردنی لە سێدارەدانی زیندانییانی سیاسیی کورد لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و پاڵپشتی لە زیندانییانی سیاسی، کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتی بەڕێوەچوو. لەو کۆبوونەوە نارەزایەتییەدا کە لەلایەن کەمپەینی نا "بۆ ئیعدام و بەڵێ بۆ ژیان" بەڕێوەچوو، ژمارەیەك لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان و چەندین حیزبی سیاسی بەشدارییان کرد.ئەو کۆبوونەوە نارەزایەتییە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێك بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و سەربەستیی کوردستانی دەستی پێ کرد و پاشان پەیامی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەلایەن "دوکتور ڕۆژان ئاشتاب"ەوە خوێندرایەوە. دواتر پەیامی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی خوێندرایەوە و پاشانیش چەندین شیعر و سروودی حەماسی و نەتەوەیی لەلایەن بەشدارانەوە خوێندرا. لەو کۆبوونەوە نارەزایەتییەدا دروشم‌گەڵێك لەدژی سێدارە و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەلایەن بەشدارانەوە وترانەوە.

## کۆبوونەوەی نارەزایەتی کوردانی ڕۆژهەڵات لە هەولیر

ڕێکەوتی ١٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی، نزیکەی ١٠٠٠ کەس لە چالاکانی سیاسی و فەرهەنگیی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە مەبەستی مەحکووم کردنی لە سێدارەدانی زیندانییانی سیاسیی کورد لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە، لە پارکی شانەدەری شاری هەولێر، کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتییان بەڕێوەبرد. ئەو خۆپیشاندانە بە خوێندنی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێکرد و پاشان کۆمەڵێك وتار و دروشمی پێوەندیدار بە مەحکوومکردنی لە سێدارەدانی لاوانی کوردستانی ئێران بە دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، وترانەوە. کۆمەڵێکی بەرچاو لە بەشدارانی ئەو خۆپیشاندانە لە نیوەی کۆبوونەوەکەدا ئاراستەی خۆیان بەرەو کۆنسولخانەی ڕێژیمی ئێران لە هەولێر گۆڕیوە و بە وتنەوەی دروشم و بەرد بارانکردن ڕق و بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەربڕیوە.



## کەسایەتییەکی خۆشناوی ناوچەی پیرانشار کۆچی دوایی کرد

ڕەحمان غەفووری کەسایەتیی ناسراو و نیشتمانپەروەری ناوچەی لاجانی پیرانشار لە ڕێکەوتی ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی کۆچی دوایی کرد.ناوبراو کەسێکی خۆشناو و نیشتمانپەروە و جێی متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری مام ڕەحمان دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نەغەدە کۆچی دوایی کرد

"ڕەحیم یەکاو" خەڵکی گوندی "دیلانچەرخ"ی سەربە شاری نەغەدە و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکەوتی ١٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ناوبراو ئەندامێکی چالاکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو و هەتا دواساتەکانی ژیانی بە ڕێبازی حیزب و گەل وەفادار مایەوە و ماڵەکەی هەمیشە جێی حەسانەوەی پێشمەرگەی کوردستان بوو.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری کاك ڕەحیم دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

# دەقی وتەکانی بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، لە پێوەندی لەگەڵ کۆچی دوایی موهەندیس ڕەزا خەیاتی



ئامادە بووانی بەڕێز!
خوشك و برا بەڕێزەکان!
بەڕێز کاك مەسعود تەك سکرتێری گشتیی حیزبی سوسیالیستی کوردستانی تورکیە و هەموو هاوڕێیانی بەڕێز، بەخێربێن بۆ ڕێوڕەسمی ڕێز گرتن لە یادی هاوڕێ و هاوسەنگەری خۆشەویست موهەندیس ڕەزا خەیاتی.

ئێمە بە لەدەستدانی کاك موهەندیس، بەداخەوە یەکێك لە باشترین هاوسەنگەرەکانمان و یەکێك لە کەسایەتییە خەباتگێڕەکانمان لە دەست دا.

دیارە وەکوو شۆڕشگێڕ، وەکوو هێزێکی بەرهەڵستکاری ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە خەباتێکی سەخت و خوێناویدا بووین و هەین، مردن بۆ هەموو ئێمە لە پێناوی بیروباوەڕمان شتێکی چاوەڕوانکراوە و شتێکی نوێ نییە، شەهیدبوونی موهەندیس خەیاتیش نە ئەوەڵین شەهیدمانە و نە ئاخرینیش دەبێت، تا ئەو ڕێگایەمان بەردەوامە، تا دیکتاتۆری و زوڵم و زۆرداری لە وڵاتەکەماندا بەردەوامە، خەباتیش هەر بەو شێوەیە بەردەوامە، ئێمە و نەسڵەکانی داهاتووی پاش ئێمەش درێژەی دەدەین، هەر وەکوو نەسڵەکانی پێش ئێمەش ئەو خەباتەیان درێژە داوە و گەیاندوویانەتە ئێمە. تەنها شتێك کە ڕەنگە بۆ هەموومان جێگای داخ و کەسەر بێت ئەوەیە کە ئێمە لەو حاڵەتەدا بە بۆنەی ئەو زوڵم و زۆر و فەزا ئەمنییەتیە توندەی کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەرقەرارە، ناتوانین لە حاڵەتی مەرگدا لە نزیکی ئازیز و خۆشەویستەکانماندا بین و ببوە حەسرەتێك هەم لە دڵی ئێمە تێکۆشەراندا و هەم لە دڵی ئەو خۆشەویستانەماندا کە لە ئێمە دوورن و لە ئێران یان لە وڵاتەکانی دیکەدا دەربەدەرن و ناتوانین لە دوایین ساتەکانی ژیانماندا لە دەوری یەکتر کۆبینەوە. موهەندیس خەیاتی تەمەنێکی پڕ لە شانازیی لە حیزبی دێمۆکراتدا تێپەڕ کرد، بۆیە کۆچی دوایی ئەو بۆ ئێمە وەکوو لەدەستدانی هاوڕێیەك، زۆر سەخت و ناخۆشە، بەڵام ئەو بارەش هەڵدەگرین، ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا فێر بووین کە لە شەهیدبوونی کەسایەتییەکانمان پەند وەربگرین، دەرس فێر بین، نەك بێ‌هیوا بین و ماتەم بار بین، پێم خۆشە پێش ئەوەی کە لەسەر کەسایەتی و خزمەتەکانی موهەندیس خەیاتی باس بکەم، باسێك لە پێوەندی لەگەڵا مەسەلەی بەشداریی هاونیشتمانانی تورکی ئازەربایجان کە لە خەباتی دور و درێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەشدار بوون، بکەم. ڕەنگە بەشێك لە ئێوە خۆشەویستان کە لە هەرەتی لاویەتیدان یا بەشێك لە خەڵکی کوردستان، زۆر شارەزای ئەو بابەتە نەبن، بەڵام پێمخۆشە ئەوە بڵێم کە موهەندیس ڕەزا خەیاتی یەکەمین تورکی ئازەربایجان نەبوو کە ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی هەڵبژارد لەبەر ئەوەی کە ڕزگاریی نەتەوەکەی خۆی لە چوارچێوەی درووشم و بەرنامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەبینیەوە، ئێمە لە رابردووشدا لەو هاونیشتمانە خۆشەویستانە زۆرمان هەبووە، من بۆخۆم لەبیرمە کاتێك کە مێرمنداڵێك بووم لە شارەکەی خۆمدا، لەگەڵا تورکەکانی ئازەربایجانی پێکەوە دەژیاین، ئەودەمی بۆ منییان باس دەکرد کە فڵان بنەماڵەی تورکی دانیشتووی شارەکەی من کەسانێکیان هەیە لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا و هەبوون ئەو کەسانەی کە تا دوایین ساتی ژیانیان وەکوو موهەندیس خەیاتی لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا مانەوە و تا دوایین هەناسەیان وەفادار بوون بە ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. ئەوە لە راستیدا شانازییەکە هەم بۆ شۆڕشگێڕەکانی غەیری کورد لە نەتەوەی تورك، بەلووچ و و عەرەب کە لەگەڵا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بڕگە جیاوازەکانی مێژووی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەشدار بوون و هەم شانازییەکە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بیر و باوەڕ و بەرنامە سیاسییەکانی نەك هەر توانیویەتی خەباتکارانی کورد بە دەوری خۆیدا کۆ بکاتەوە، بەڵکوو بووەتە چەترێك کە نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش رزگاریی خۆیان لەو چوارچێوەدا دەبیننەوە. ئێمە لە ریزی پێشمەرگەکانماندا، کادرەکانماندا لە هاونیشتمانانی تورکی ئازەربایجانی زۆرمان هەبوون کە هەر لەو جەمعەدا کە تەشریفییان لێرە دانیشتووە دەیانناسن و ئەمنیش زۆریان دەناسم کە لە خەبات و بەربەرەکانێ دژ بە کۆماری ئیسلامی شان بە شانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گیانی خۆیان لە دەست داوە زۆر کەس هەبوون کە کەم ئەندام بوون و وەکوو کوردەکان دەربەدەر بوون لە وڵات و لە زێدی خۆیان و ناچار بوون لەبەر زوڵم و زۆرداری، خۆشەویستەکانی خۆیان و وڵاتی خۆیان بەجێ بێڵن.

بەڵام ئەوەی کە موهەندیس خەیاتی لەو خۆشەویستانە جیا دەکاتەوە خەبات و بەربەرەکانێی موهەندیس خەیاتی بوو لە سەردەمێکدا کە سەردەمی دامەزراندنی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە باری تێکنیکیەوە بوو، لە سەردەمێکدا کە نە ئینتێرنێت هەبوو نە تەلەویزیون بوو بەو شێوەی کە ئێستا هەیە و نە راگەیاندنەکانی دیکەش هەبوو، ئەودەمەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان خەباتێکی خوێناویی لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەست پێکردبوو، دەنگی بە دونیا نەدەگەیشت، بە ئێران نەدەگەیشت و بە تەنیا مابووەوە لە کوردستاندا، ئەودەمی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بوو بە تاکە سەرچاوەی هەواڵی دروست و جێگای باوەڕ نەك هەر بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ ئازادیخوازانی دیکەی ئێران، بەڵکوو تەنانەت بۆ بەشێك لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش کە هەرکات ویستبایان هەواڵی دروست لە مەیدانەکانی شەڕ ببیستن، گوییان دەدایە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران. رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لەو سەردەمەدا بە بۆنەی ئەو دەور و رۆڵی کە لە خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەماندا بووی، ببوو بە ئامانجی هێرشی کۆماری ئێسلامیی ئێران و هەمیشە لە ژێر بۆمباران و تۆپباران و هەمووجۆرە پیلان و پیلانگێڕییەکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بوو و بەم هۆیەوە موهەندیس خەیاتی بەپێی بەرپرسایەتییەکەی بە ناچار لە ناوەندی ئەو پیلانگێڕییانەدا بوو، بەڵام بە هەموو ئەو فشار و بۆمباران و مەترسییانەوە کە رووبەڕووی مووهەندیس خەیاتی و ئەو کۆمەڵە کادر و پێشمەرگانەی حیزبی دێموکرات کە موهەندیس خەیاتی رایهێنابوون دەبوونەوە، قەت نائومێد نەبوون، نەترسان و تەنانەت قەت بۆ سەعاتێکیش ئەو رادیۆیەیان بەجێ نەهێشت. لەو ماوەیەدا کە موهەندیس خەیاتی بەرپرسیاریەتیی ئەو ئەرکە گرینگەی بەئەستۆ گرت و لە سەرەتاوە بە کەمترین کەرەستە و ئیمکانات توانیی ئەو دەستگا راگەینە پڕبایەخە بۆ حیزبی دێموکرات دەستەبەر بکات، زیاتر لە دە جار لەو شاخ بۆ ئەو شاخ، لەو کونەبەرد بۆ ئەو کونەبەردەوە لە ژێر رەهێڵەی باران و بەفر و سەرما و گەرمادا ئەو رادیۆیەیان دەگواستەوە، بەڵام وەك لەبیرم بێ، کەم وابوو خێرایی گواستنەوە و کارکردن و دامەزراندنەوەی دوبارەی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ٢٤ کاتژمێری تێپەڕاندبێ. لە راستیدا رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کە ئەمەکداری زەحمەت و تێکۆشانی زۆر کەس و لە پێش هەمووواندا موهەندیس خەیاتی بوو، لەو دەمیدا تەنها دەنگێکی راستەقینە بوو کە هاواری مەزڵوومییەتی میللەتی کورد و خەباتکارانی ئازادیخوازی ئەو بەشەی کوردستانی بە گوێی خەڵکی ئێران و تەنانەت بە گوێی بەشێك لە خەڵکی دونیا دەگەیاند. ئۆگریی و خۆشەویستیی دەنگی رادیۆ دەنگی کوردستان گەیشتبووە رادەیەك کە بەشێکی زۆر لە هاوڕێیانی ئێمە لە دەرەوەی وڵات، لە ئوروپا، دەگەڕان بە دوای باشترین نەوعی رادیۆدا بۆ ئەوەی کە دەنگی کوردستانی ئێرانی لێ ببیسن و ئێمە زۆربەمان ئەوەمان لەبیرە کە کاتێك لە وڵاتێکی ئورووپایی بە زەحمەتێکی زۆر گوێیان لە دەنگی رادیۆ دەنگی کوردستان دەبوو، ئەوەیان وەکوو مزگێنی بە یەکتری دەدا و بە ئێمەیان رادەگەیاند کە ئێمە لێرەش رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دەبیسین، ئێمە ئەو رۆژانە و ئەو خزمەتە گەورەیە لەبیر ناکەین لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا بە خۆشییەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی ژمارەیەکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەی شارەزا و پسپۆڕە لە بواری راگەیاندنەوە و خاوەنی راگەیاندنێکی پێشکەوتووە، بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا جێگای رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و لەسەرووی هەمووشەوە، کە باسی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دەکەینەوە خزمەتەکانی موهەندیس رەزا خەیاتی پێکەوە گرێ دراون و بۆمان لێك جیاواز نابێتەوە. ئەو خزمەت و گرینگییە بوو کە موهەندیس خەیاتیی کردبووە خۆشەویستی هەموو کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و هەموو ئەو کەسانەی کە موهەندیس خەیاتییان دەناسی، بۆیە هەر لە سەرەتاوە سکرتێرەکانی حیزبی دێموکرات وەکوو شەهیدان دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و باقی ئەندامانی رێبەرایەتیی حیزب، رێزێکی تایبەتیان بۆ موهەندیس خەیاتی دادەنا و ئەگەر لەبیرتان بێ چەند ساڵ لەمەوپێش بە بۆنەی دامەزرانی ساڵیادی رادیۆ دەنگی کوردستان بوو کە لێرە و هەر لەو ساڵۆنەدا موهەندیس خەیاتی وەکوو راوێژکاری سکرتێری حیزب لە کاروباری رادیۆدا دیاری کرا. من دڵنیام کە ئێستا ئەو خەبەرە ناخۆشە کە لە نێو هەموو کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە نێو لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، لە کوردستانی ئێران و لە ئوروپا و لە هەر جێگایەکی کە خەڵك بیستوویەتەوە هەموویان بەو کارەساتە ماتەمبارن، ئەوەش لە لایەکەوە نیشانەی وەفاداریی حیزبی دێموکراتە بە هەموو ئەو کەسایەتییانەی کە لە درێژایی مێژووی خەباتی خوێناویی حیزبی دێموکراتدا خزمەتی ئەو حیزبەیان کردووە و بەردێکیان لەسەر دیواری پتەوی حیزبی دێموکرات داناوە، لە لایەکی دیکەشەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو فیداکاری و زەحمەت و خاکەڕایی و ئەمەگناسییەی کە موهەندیس خەیاتی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی هەبوو. لە بیرمە کاتێك کە لە شاخ بوین، خێزانی هات و سەردانی کرد، لە گەڕانەوەدا خێزانیان گرت و زیندانیان کرد، لە زیندانی کۆماری ئیسلامدا تووشی هەموو چەشنە ئەشکەنجە و بێڕێزییەکیان کرد و مۆهەندێس خەیاتییان لە بەرامبەر دوو ڕێیانێکدا دانا کە یا دەبێ لەگەڵ ژن و منداڵەکانی بێ و بگەڕێتەوە بۆ ئێران، یان ناتوانێ لەگەڵ خێزانەکەی بێ، بەڵام موهەندیس خەیاتی ڕێگای دووهەمی هەڵبژارد. ئامادە بوو لە منداڵە خۆشەویستەکانی و لە خێزانی دوور کەوێتەوە، بەڵام لە حیزبی دێموکراتدا بمێنێتەوە و هەر ئەوەی کرد و تا دوایین هەناسەکانی لە حیزبی دێموکراتدا خزمەتی کرد و وەفاداریی خۆی بردەسەر. ئێستاش بەو خزمەتانەوە کە کردوویەتی، موهەندیس خەیاتی بۆتە یەکێك لەو کەسایەتییە ناسراوانەی حیزبی دێموکرات کە نێوی خۆی لە مێژووی پڕ لە شانازیی حیزبەکەماندا تۆمار کردووە و ئێستاش و لە داهاتووشدا، چ ئەو نەسلەی ئێمە کە خەبات دەکەین، چ نەسلەکانی داهاتوو کە ڕێچکەی ئەو خەباتە درێژە دەدەن، تا گەییشتن بە ئامانجی نەتەوەکەمان، کە رزگارییە لە دەستی زۆڵم و زۆرداری، ناو و کەسایەتیی موهەندیس خەیاتی وەکوو کەسایەتییەکانی دیکەی سیاسی لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەمێنێتەوە. تەنانەت پێم خۆشە لێرەدا ئاماژە بە مەسەلەیەکی دیکەش بکەم لە پێوەندی لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا، ئێستا ئێمە ساڵانێکی زۆرە شاهێدین کوڕی موهەندیس خەیاتی، هاوڕێمان ئەمیر وەك پێشمەرگەیەکی وەفادار و بووکە جەوانەکەی کە وەکوو بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران یا سکرتێری گشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بێ زێدەخوازیی و بە خاکەڕاییەوە، ئەوپەڕی کار و تێکۆشانی خۆیان لەگەڵ ئێمە درێژە دەدەن. ئەمن شارەزای شایستەگی و لێهاتوویی هەردوو ئەو کەسایەتییە هەم لە حیزبی دێموکراتدا و ئاگاداری بیروباوەڕی قووڵی وان هەم بە حیزبی دێموکرات و خەبات لە ڕێبازی حیزبی دێموکراتدا، بەڵام گومانیشم لەوەدا نییە کە مانەوە و درێژەدانی کاری ئەوان بەشێکی لە ژێر کاریگەریی و هاندانی مەرحوومی بابیاندایە کە لە حیزبی دێموکراتدا ماونەتەوە. لە جیاتی ئەوەی کە ڕێگای هەندەران بگرنەبەر و بە دوای ژیانی ئاسوودە و رەحەتدا بگەڕێن، ماونەتەوە لەگەڵ ئێمە بۆ ئەوەی کە لە بێبەشییەکانماندا، لە زۆڵم و زۆرێکی کە لەخەڵکەکەمان بە تورکی ئازەربایجان و عەرەب و بە لووچ و کوردەوە دەکرێ بەشدار بن و ئەوانیش وەکوو موهەندیس خەیاتی ئەو شانازییەیان پێ ببرێ کە لە رۆژی سەرکەوتنی خەباتەکەماندا بەشی خۆیانیان تێدا هەبێ. ئەمن بەو بۆنە ماتەمینیەوە کە لە راستیدا لە گەڵ ئەوەی کە ئێمە و لە حیزبی دێموکراتدا شینگێڕی ناکەین، بەڵام خەمباری لەدەستدانی هاوڕێیەك و هاوسەنگەرێکی خۆشەویستمانین، ئێمە لێرە کۆبووینەتەوە کە ئەو خەمە دابەش بکەین بەسەر هەمووماندا بۆ ئەوەی کە قورسایی ئەو خەمە تەنها لە سەر شانی کوڕە پێشمەرگەی و ئەو بووکە رووسوورەی نەبێ کە لێرە لەگەڵ ئێمە هاوسەنگەرن و هەروەها ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکەی لەهەر جێگایەك کە هەن، بۆ ئەوەش کە نیشان بدەین لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ئەوەی کە گرینگە بیروباوەڕە، ئیمان بە رزگارییە، خەبات لە پێناوی میللەتدایە لەو چوارچێوەدا تورکی ئازەربایجان و خاوەنی ئایین و بۆچوونی جیاواز و نەتەوەکانی جیاواز لە حیزبی دێموکراتدا هەموو حەق و حقۆقی وەك یەکییان هەیە، حیزبی دێموکرات لە رۆژی ئەوەڵەوە لە سەر ئەو بنچینەیە شین بووەتەوە و هیوادارم و دڵنیاشم تا رۆژی ئاخریش هەر ئەو دارە بەهێز و بە توانایەی بەو لق و پۆپانەیەوە دەژی تا ئەو کاتەی کە دەگاتە چڵەپۆپەی سەرکەوتن و درێژەدانی خەبات، چوونکە تا زوڵم و زۆر هەبێ خەبات بۆ رزگاریش تەواوبوون و کۆتایی نییە. بۆیە من ئیزن وەردەگرم لە هەموو لایێك سەرەخۆشی بکەم، لە هەمووومان، بە تایبەتی ئێوە خۆشەویستان کە لە نیزیکەوە موهەندیس خەیاتیتان دەناسی، هەمووتان خۆشتان دەویست، لەو هاوڕێیانی کە لە ئۆرگانەکەیدا کاریان دەکرد و (ئۆرگانی راگەیاندن) و لە ئەندامانی بنەماڵەی کە لە ئێستادا لە هەرجێگاییێکی ئێران یا هەر جێگایەکی دیکەدان، بەتایبەتی لەو دوو هاوڕێ خۆشەویستەمان، ئەمیر و ئیلهام سەرەخۆشی بکەین و پێیان بڵێین کە ئێمە هەمووومان کوڕ و شاگردی ئەو کەسایەتییە بەرزانەی حیزبین و دڵنیاش بین کە هەر وەکوو بە لەدەستدانی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرفکەندی و پێش ئەوانیش قازی محەممەد و بە دەیان تێکۆشەری دیکە، خەباتی کورد نەك لە کوردستانی ئێران، بەڵکوو لە هیچ بەشێکدا رانەوەستاوە، لەوە بەدواش راناوەستێ و درێژەی هەیە. ئێمە شادییەکانمان هەموو یەکە، خەم و پەژارەکانمان هەموو یەکە و هەموومان خۆشی و ناخۆشییەکان بەسەر یەکدا دابەش دەکەین، بۆیە ئەو توانایە بە حیزبی دێموکرات دەدەین کە لەبەرامبەر گەوەرترین کۆسپەکاندا شانی لە ژێر باری خەم و خەفەتدا نەچەمێتەوە و هەروەها سەربەرز و قاییم لە مەیدانی بەربەرەکانێدا خۆڕابگرین. جارێکی دیکە سەرەخۆشی دەکەم لە هەموو ئێوە لە هەموو تێکۆشەرانی ئازادیخوازی ئێران بە هەموو نەتەوەکانیانەوە و سەرەخۆشی دەکەم بە تایبەتی لە هاوڕێ خۆشەویستەکانمان ئەمیر و ئیلهام و سپاس بۆ بەشداریی هەموو ئێوەش کە لەو رووداوەدا سەمیمانە وەکوو ئەرکێکی مرۆیی، حیزبی و نیشتمانی بەشداریتان کردووە و کادر و پێشمەرگەی حیزبیش هەر ئەو چاوەڕوانییەی لێدەکرێ. زۆر سپاستان دەکەم و هیوام تەندرووستی و سڵامەتی بۆ هەمووتانە بە تایبەتی بۆ ئەندامانی بەڕێزی بنەماڵەی موهەندیس رەزای خۆشەویستی هەموو لایێکمان. ساغ و سڵامەت و سەرکەوتوو بن.
زۆر سپاستان دەکەم.

# دەقی وتەکانی بەڕێز محەممەد ساڵح قادری نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنفرانسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاشتی و ئارامی و پرسی کورد لەو ناوچەیەدا



خانمەکان، ئاغایان!

بەشدارانی بەڕێزی کۆنفرانس!

خۆشحاڵم بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لە پێوەندی لەگەڵ بابەتی ئەم کۆنفرانسە لەگەڵتان دەدوێم، پێشەکی سوپاسی ناوەندی لێکۆڵینەوەی نێونەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەم بۆ پێکهێنانی ئەم کۆنفرانسەو ئەو دەرفەتەی بۆی ڕەخساندین تا ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەین.

تەوەری باسەکانی ئەم کۆنفرانسە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاشتی و ئارامی و پرسی کورد لەو ناوچەدایە.

وردبوونەوە لەو بابەتە خۆی دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی ئاڵۆز و پڕ کێشەیە و بە سەرنجدان بە هۆیەکانی پێکهێنەری ئەم ئاڵۆزی و کێشانە ڕێگایەك بۆ بنبڕکردن یا کەمکردنەوەی کێشەکان و حاکم کردنی کەشوهەوای ئاشتی و تەبایی و ئارامی لەو ناوچەیە بدۆزینەوە.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکە لەسەر گۆی زەوی کە لە جێدا ناوچەیەکی پڕبایەخ و ئیستراتیژیکە، ناوچەیەکە کە چەندین نەتەوە لێی دەژین، ناوچەیەکە کە شوێنی سەرهەڵدانی چەند ئایینە و هەر ئایینێکیش چەند ئایینزای (مەزهەب) لێ دەبێتەوە، ناوچەیەکی دەوڵەمەندە لە باری سەرچاوەکانی ژێر زەوی و کانگای وزەوە کە نیاز بەو وزەیە چاوی تەماحی وڵاتانی سەنعەتی و کۆمەڵێك لە وڵاتانی دیکەی لەسەرە کە بە جۆرێك لە جۆرەکان لەسەر دۆخی گشتیی ناوچەکە شوێندانەرن.

کۆی ئەو هەموو جیاوازیانە لەگەڵ بوونی دەسەڵاتی نادێموکراتیك لە زۆربەی وڵاتانی ئەم ناوچەیە کە لە زۆربەیان نەتەوەیەك حاکم و باقی نەتەوەکانی هەر وڵاتێك بێبەش و ماف پێشێل کراون یا ئایینێك و تەنانەت ئایینزایەك، ئایین و ئایینزای فەرمی دەسەڵاتن و پەیڕەوانی ئایین و ئایینزاکانی دیکە لە پەراوێز خراون و هەڵاواردنی یاسایی و بە کردەوەیان لەسەر بەڕێوە دەچێ، ئاساییە وەها ناوچەیەك پڕکیشە و ئاڵۆز و نائارام بێ، تازە وایش نیە بڵێی هەموو ئەو جیاوازییانە تەنیا لە نێو وڵاتاندان، بەڵکوو تەنانەت لە نێو وڵاتێکیشدا چەند نەتەوەیی، چەند ئایین و ئایینزایی و چەند کولتوری لە گۆڕێدان کە لە چوارچێوەی جوگرافیایەك پێکەوە دژین کە لە بەشێکیاندا کەمایەتییەك چ نەتەوەیی چ ئایینی دەسەڵاتی بە دەستە و باقی نەتەوەکان لە ژێر ستەم و چەوسانەوەدان.

ئەو پێکهاتە و تایبەتمەندیانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وایکردوە کە ببێتە ناوچەیەکی ئاڵۆز و پڕکێشە و ڕووی ئارامی و ئاشتی بە خۆیەوە نەبینێ.

کوردستان و کورد بەگشتی وەك نیشتمان و وەك نەتەوەیەکی ٤٠ میلیۆنی ڕاست لەو ناوچەیە هەڵکەوتووە، ئەویش نەك وەك وڵاتێك و دەسەڵاتێکی نەتەوەیی، بەڵکوو خاك و خەڵکی بەسەر چەند وڵاتدا دابەش کراون کە لە هەموویان حاشا لە بوونیان یا لە مافی نەتەوەیی و ئازادییەکانیان کراوە، مافیان پێشێل دەکرێ و خەباتیان بۆ مافەکانیان بە توندترین شێوە وڵام دەدرێتەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا بە خۆشییەوە کورد لە عێراق بە بەشێك لە مافەکانیان گەیشتوون و ڕەوتی دیمۆکراسی و گەشەی ئابووریی بەدوادا هاتوە، لە تورکیە ڕەوتێك لە وتوویژ و کرانەوەی سیاسی هاتۆتە ئاراوە کە هیوادارین ئەو چوارچێوەیە چارەسەری پرسی کوردیش بگرێتەوە و تورکیە لەوەش زیاتر لەگەڵ بەرەوپێشچوون و گەشەکردن بەرەوڕوو بێ. کورد لە سوریە لە نیوان دوو بەرداشی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد و ئۆپۆزسیۆندا کە هیچ کامیان باوەڕیان بە بوونی کورد و مافی کورد نییە لە هەلومەرجێکی دژواردان.

بەڵام ئێران و کورد لە ئێران

ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە، ٦ نەتەوە لەو وڵاتەدا لەسەر زێدی باب و باپیرانیان دەژین، وەك فارس، تورکی ئازەری، کورد، عەرەب، بەلوچ و تورکمان کە هەموو ئەو نەتەوانە لە مافە دێموکراتیکەکانیان بێبەشن و لەو بارەوە وەك یەکن. دەسەڵاتی ئەم وڵاتە بە دەست ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوەیە، ڕێژیمێك کە لەسەر بناغەی ئیدئۆلوژیی ئیسلامی ئەویش مەزهەبی شیعە دامەزراوە و یاسای بنەڕەتیشی هەر لەو سەرچاوەیەوە هەڵێنجراوە، دەسەڵات لە ئێران هی کەسێکە بە ناوی وەلی فەقیهە کە خۆی هەڵبژێراو نییە، بەڵام هەموو هەڵبژاردنەکانی ڕەواڵەتی لە ژێر ویست و ئیرادەی ئەودا بەڕێوە دەچن. ئیختیاراتی بێسنووری هەیە بێ ئەوەی بەرانبەر بە هیچ کەس و ناوەندێك وەڵامدەر بێ.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەپێی باوەڕەکانی لەگەڵ دیمۆکراسی ناتەبایە و بە دیاردەی ڕۆژئاوایی دەزانێ، باوەڕی بە بوونی نەتەوەکان لە ئێران و مافە نەتەوایەتییەکانیان نییە، بۆیە هەر دەنگێکی دیمۆکراسیخوازی و مافی نەتەوایەتیخوازی بە توندترین شێوە و بە سەرکوت و ئیعدام و زیندانی وڵام دەداتەوە. ناوچە کوردستانییەکانی ئێران وەك ئیلام، کرماشان، کوردستان، پارێزگای ورمێ بە ئەنقەست و بەپێی سیاسەتی لە دواکەوتوویدا ڕاگیران لە بێ بەشترین و گەشەنەکردوترین بەشەکانی ئێرانن و ئەو سیاسەتە لە ناوچەکانی نەتەوەکانی بەلوچ و تورکمەن و عەرەبنشین پەیڕەوی دەکرێ. مەزهەبی فەرمیی وڵات شیعەیە، بۆیە پەیڕەوانی مەزهەبی سوننی بە شێوەی یاسایی و لە سیاسەت و کردەوەدا لەگەڵ سووکایەتی و بەکەمگرتن و بێ ڕێزی بەرەوڕوون و جیاوازی دانان لە نێوان پەیڕەوانی ئایینی غەیرە ئیسلام و پەیڕەوانی سوننی لەگەڵ پەیرەوانی مەزهەبی شیعە بە زۆری و بەربڵاوی بەڕێوەدەچێ. بۆیە ستەم لەسەر بەشێك لە نەتەوەکانی ئێران جیا لە ستەمی نەتەوایەتی دووقات دەبێ.

بۆ نموونە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار، بەپێی یاسا سەرۆك کۆمار دەبێ پیاو و موسڵمان و شیعە بێ و باوەڕمەند بە ویلایەتی فەقیە، بەو پێیە ژن وەك نیوەی کۆمەڵ لە مافی کاندیداتۆری بێبەشن، پێڕەوانی ئایینی غەیرە ئیسلام مافی کاندیداتۆرییان نییە، پێڕەوانی سوننە ناتوانن کاندیداتۆری سەرۆك کۆمار بن و تەنیا پێویستە شیعە بن و لە نێو ئەوانیشدا پێویستە باوەڕمەند بە ویلایەتی فەقیە بن، بەمجۆرە زیاتر لە ٨٠ لەسەدی خەڵکی ئێران بەپێی یاسای ڕێژیم لە مافی کاندیداتۆری بۆ سەرۆك کۆماری بێبەش کراون و ناوی هەڵبژاردنیش لەسەری دادەنرێ، لەوەش زیاتر تاکەکانی سەر بە نەتەوە ژێرستەمەکان تەنانەت ئەگەر پێڕەوی مەزهەبی شیعە بن لەو مافە بێ بەرین.

دژایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا لەگەڵ خەڵکی ئێران نییە، بەڵکوو هەموو وڵاتانی ئیسلامی کە پێڕەوی مەزهەبی سوننە بن بە نەیاری خۆی و تەنانەت دوژمن دەزانێ، دەست لە کاروباری نێوخۆیی ئەوان وەردەدا و سەرەڕای ڕەفتاری خۆی لەگەڵ پێڕەوانی سوننەی ئێران، شیعەکانی ئەم وڵاتانە داڵدە دەدا و بەرەو پشێوی هانیان دەدا و بە هۆی هەوڵی دەستراگەیشتنی بە چەکی ناوکی نائەمنی و نیگەرانیی بۆ هەموو جیهان پێکهێناوە.

لەم دواییانەدا ڕووحانی بە دروشمی ڕواڵەتی و بە بەڵێنی جۆراوجۆری کرانەوە و ئاشتی، کورسیی سەرۆك کۆماری بەدەستهێنا. بەڵێنەکانی بەشێك لە وڵاتان بەتایبەتی ڕۆژئاواییەکان و تەنانەت بەشێك لە خەڵکی ئێرانی دڵخۆش کرد. بەڵام هەر لەو ماوە کورتەدا دەرکەوت کە ڕێژیم و دەوڵەتێك کە هەموو دەزگاکانی لە نیزامییەکان، هێزە ئینتیزامییەکان و دەزگا ئیتلاعاتییەکان پێکهاتبێ، چۆن ڕێگای ئاشتی و جێگیرکردنی یاسا و دابینبوونی مافی شارۆمەندان دەپێوێ، ڕەنگە بۆ سووك کردنی گەمارۆکان لەسەر ڕێژیم پاشگەزبوونەوەیەك لە ئاست دونیای دەرەوە لە خۆی نیشان بدا، بەڵام بە کەڵکوەرگرتن لەو هەلومەرجە گوشار بۆ سەر خەڵکی ئێران زیاتر بکا، هەر وەك لە ماوەی سەرۆکی کۆماریی خۆیدا ئیعدامی زیندانیان بە شێوەی بەرین زیادی کردوە و لە بەجێهێنانی بەڵێنەکانی دیکەشی لە هیچ بوارێکەوە شوێنەوارێك بەدی ناکرێ. جێی خۆیەتی وڵاتانی نیگەران لە ڕەفتاری ڕێژیم ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرن کە کۆماری ئێسلامیی ئێران ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیکە و ئاڵوگۆڕی جیددی تیدا پێك نایە.

کورد لە ئێران لە ژێر حاکمییەتی وەها ڕێژیمێکدا ژیان تێپەڕ دەکا، بەڵام خەباتی خۆی لە شێوەی جۆراوجۆردا بەڕێوە بردوە و بەرێوەی دەبا، بەڵام هەموو هەوڵە ئاشتیخوازانەکانی لەگەڵ سیاسەتی تواندنەوە و هەڵاواردن و گوشار بەرەوڕوو بوونەوە. بە بوونی وەها ڕێژیمێك لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند هێز و لایەنی دەستکرد و دەستوپێوەندیی ئەو ڕێژیمە تیرۆریستپەروەرە هۆکارێکە بۆ نەبوونی ئاشتی و ئارامی و تەبایی لە ناوچەکە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پەرۆشەوە دەڕوانێتە ئاشتی و ئارامی لە ڕۆژهەتی ناوەڕاست، بەڵام لەو بڕوایەدایە بە بێ چارەسەری کێشەکان و یەك لەوان کێشەی کورد، لەو ناوچەیە ئەوەیش بە ڕێگای دیالوگ و لێك تێگەیشتن ئاشتی و ئارامیی بەردەوام لە ناوچەکە سەقامگیر نابێ ڕێگای گەیشتن بە ئاشتیی بەردەوام، ئاشتی و ئارامی سەقامگیر لە پەرەگرتنی دیمۆکراسی، پەرەگرتنی فەرهەنگی تولۆڕانس و وێکهەڵکردن، دان پێدانان بە بوونی نەتەوەکان و دابین بوونی مافە نەتەوەییەکان، ڕەچاوکردنی یەکسانیی کۆمەڵایەتی و گرینگیدان بە مافی مرۆڤ و لابردنی هەڵاواردنی ئایینی و ئایینزایی لە ناوچەکەیە.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە، حیزبی دێموکراتی کوردستان دروشمی دابینبوونی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵی هەڵگرتووە و هەموو هەوڵیشی ئەوەیە کە لە ڕێگای هێمنانەوە بە داخوازییەکانی بگا، بە جێگای ئەوەی بە زۆری سەرنێزە ناچار بە پێکەوەژیان بکرێ حەز بە پێکەوەژیانی دڵخوازانەی لە ڕێگای دیمۆکراسی، ڕەچاوکردنی یەکسانی و یەکتر قبول کردنە. ئاشکرایە دۆزی کورد لە هەر وڵاتێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام دەردی کورد لە هەموو پارچەکان یەکە و داخوازەکانیان یەکە، بۆیە پێویستە جۆرێك لە هاودەنگی و هاوسۆزی لە نێو کورددا هەبێ، بێ ئەوەی دەست لە کاروباری یەکتر وەربدەن ئەوەش دەکرێ لە ڕێگای پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەیی بێتە ئاراوە، پێویستە کورد ئاشتیخوازیی خۆی کە تا ئێستا بوویەتی زیاتر بخاتە بەرچاوی بیروڕای گشتیی جیهان و نیشان بدا کە هۆی ئاڵۆزییەکانی ناوچە زۆرداریی دەسەڵاتەکانە نەك هاواری مافخوازیی نەتەوەکان و ماف پێشێلکراوان، بێگومان هەوڵی چارەسەری کێشەی کورد و هەموو کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نە شەڕ و کوشتار، بەڵکوو دیالوگ و یەکتر قبوڵکردنە. کارێکە پێویستی بە باوەڕی هەموو لایەنەکان بەو بابەتەوە هەیە. ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر کورد، نیشانیداوە کە نەتەوەیەکی ئاشتیخوازە و هەرگیز هێرشی نەکردۆتە سەر خاکی کەس و مافی هیچ نەتەوەیەکی پێشێل نەکردوە، بە پێچەوانە هێرشی کراوەتە سەر و مافی پێشێل کراوە کورد عاشقی چەك نییە و حەزی لە کوشتنی کەس و کوژرانی ڕۆڵەکانی خۆی نییە، بۆیە لە هەر پارچەیەك و هەر وڵاتێك کە دەرەتانی تێکۆشانی سیاسی و ئازادیی بۆ حیزبەکان هەبێ لەو گۆڕەپانەدا ویست و داخوازیی خۆی دێنێتە گۆڕێ و هەوڵی دابین بوونی ئاشتیخوازانەی دەدا.

هیوادارین هەوڵی خێرخوازانەی هەموو لایەك ببێتە هۆی باڵکێشانی ئاشتی و ئارامی بەسەر ناوچەکەدا و دابینبوونی مافە مرۆیی و نەتەوایەتییەکانی گەلان و ڕێزدانان بۆ باوەڕە ئایینی و مەزهەبییەکانی هەموو لایەك.

## ڕۆژەڤ

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

### ڕووسیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا

ماڵپەڕی "میدل ئیست ئانلاین" وتارێکی بەقەڵەمی "باب دریفیووس" لە ژێر ناوی "ڕووسیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست"دا بڵاو کردووەتەوە کە نووسەر لەودا بە چاوی ئەرێنییەوە سەیری ڕۆڵگێڕانی زیاتری ڕووسیە لە هاوکێشەکانی ئەم ناوچەدا دەکات.

لە سەرەتادا دەنووسێ: "یەکێك لە ئاکامە لاوەکییەکانی ڕووداوەکانی ئەمدواییانە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، گەڕانەوەی ڕووسیە بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی گرینگ و بەرچاو لە ناوچەکەدایە. ئەگەرچی هیچکات ڕووسیە لە گۆڕەپانەکە لانەچووە، بەڵام ئەوە ئامانجێکی بنەڕەتیی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمریکا بووە کە سەرەتا یەکیەتیی سۆڤیەت و دواتریش ڕووسیە وەدەر بنێ." نووسەر دواتر ئاماژە بەو هاوپەیمانییانەی ئەمریکا لە دەیەکانی پەنجا و شەستی سەدەی بیست بە دژی ڕووسیە و هەروەها هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی ناتۆ لە ناوچەکانی نزیك لە ڕووسیە لە ئۆکراین و مەجارستان و هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و ڕووخاندنی حکوومەتی لیبی لە دەیەی ڕابردوودا و هەروەها بەرتەسککردنەوەی بازاڕی وزە و چەکوچۆڵی ڕووسیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکات.

نووسەر دواتر دەنووسێ: "ڕووسیە لە بەرامبەردا دەنگ هەڵبڕی کرد. سەرەڕای ئەوەی لایەنگرانی شەڕ و کۆنەپارێزە نوێکان لە بارەی بێتوانایی سەرۆك ئۆباما لە پێشگرتن بۆ هێزگرتنەوەی ڕووسیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەنگیان دەربێ، بەڵام ئەوە دەکرێ شتەیەکی باش بێ ئەگەر ببێتە هۆی بەرینبوونەوەی هاریکاریی ئەمریکا ـ ڕووسیە لە شەڕگەلێکی وەك شەڕی نێوخۆیی لە سووریە، بونبەستی ناوکیی ئێران، ئەفغانستان و شەڕ دژی ئەلقاعیدە."

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەدا ئاماژە بە چەند ڕێککەوتننامەی ئەمدواییانەی ڕووسیە بۆ فرۆشی چەکوچۆڵی قورس و پێشکەوتوو لەگەڵ میسر، عەرەبستانی سعوودی و ئەمارات کراوە. دواتر ئاماژە بە مانۆڕی دیپلۆماتیکی ڕووسیە لەمەڕ ڕازیکردنی سووریە بە دەربڕینی ئامادەیی بۆ لەنێوبردنی چەکوچۆڵە شیمیاییەکانی و هەروەها مانۆڕی ئەو وڵاتە لەسەر پرسی بەرنامەی ناوکیی ئێران کراوە.

نووسەر دواتر دەنووسێ: "هەموو ئەمانە بوون بە هۆی سەردێڕی وەك "داخوا ڕووسیە خەریکە بەسەر ڕۆڵی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا زاڵ دەبێ؟" و سەردێڕی بی.بی.سی: "ڕووسیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست: گەڕانەوەی ورچەکە.

ڕۆڵی بەرچاوتری ڕووسیە دەکرێ لە هەوڵەکانی پێکهێنانی پێوەندیی نزیکتر لەگەڵ ئیسرائیل و هەوڵەکانی بۆ فرۆشتنی چەکوچۆڵ بە عێراق و حکوومەتەکانی خەلیجی فارس ببیندرێ. ساڵی پێشوو، بی.بی.سی، نووسی "بەغداد مامەڵەیەکی مەزنی بۆ کڕینی سیستمی بەرگری ئاسمانیی ڕوویبە و هێلیکوپتێری شەڕکەر واژۆ کردووە و بەمەش ڕووسیە لە ڕکەبەرە ئورووپاییەکانی بردەوە. وە لە کاتێکدا هێشتا بەرنامەکانی فرۆشی چەکوچۆڵ بە عەرەبستانی سعوودی جێبەجێ نەبووە، شا عەبدوڵڵا و پوتین ڕۆژی یەکشەممە لە ڕێگای تەلەفوون پێکەوە قسەیان کرد. بی.بی.سی ڕاپۆرتی داوە کە ئەمارەتی یەکگرتووی عەرەبی، زلهێزێکی نەوتی عەرەبی دیکە، خەریکی پەرەپێدانی پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیەیە.

هیچکام لەمانە نابێ بە هەڕەشە بزانرێن، بەڵکوو بەو مانان کە ئۆباما پێویستە هەوڵەکانی بۆ کارکردن لەگەڵ ڕووسیە لەمەڕ پرسە ناوچەییەکانی دووبەرابەر بکات."

سەرچاوە:
www.middle-east-online.com

# "ئەحمەد موختارجاف"، لە روانگەی "لەتیف هەڵمەت"ەوە

قادر ئەلیاسی



ساڵی ١٩٨٢ی زایینی، لە کاتی پێشمە ر گا یە تید ا لە بناری کێوی بەمۆ، چاوم بە دیوانێکی چکۆڵەی شاعیری ناسراوی گەلەکەمان، "لەتیف هەڵمەت" بە ناوی "وشەی جوان گوڵە گوڵ" کەوت کە هی هاوڕێی بەڕێزم کاک نادر سەفەری بوو. دواتر دیوانێکی دیکەییم بە ناوی "ئەو هونراوەیەی کە تەواو دەبێ و تەواو نابێ"، دەست کەوت.

خوێندنەوەی شیعری نوێی کوردیم لە ڕێگەی ئەو دوو دیوانەشیعرەی مامۆستا لەتیف هەڵمەتەوە دەست پێکرد. من کە پێشتر بە هەڵبەستی کلاسیك ڕاهاتبووم و لەگەڵ کێش و سەروا خووم گرتبوو، ئاسان نەبوو لە شیعری نوێ تێبگەم، چ بگا بەوەی چێژی لێوەر گرم. بەو حاڵەشەوە، دەستم کرد بە خوێندنەوەی هونراوەکانی ئەو دوو دیوانە. بەرە بەرە لە گەڵی ڕاهاتم و هەستم کرد کە شیعری نوێ تەنیا قسە نییە، بەڵکوو جگە لە واتا، خاوەنی کێش و مۆسیقای تایبەت بە خۆیەتی.

یەکێك لەو هەڵبەستانەی کە زیاتر سەرنجی ڕاکێشام، هونراوەیەکە، لەتیف هەڵمەت بۆ "ئەحمەدموختارجاف"ی شاعیری هۆنیوەتەوە.

سەرەتا با پێکەوە هەڵبەستەکە بخوێنینەوە:

بۆ ئەحمەدموختارجاف
هاوڕێم هێشتا (شین و ناڵین و گریان)
نەبڕاوە لە کوردستان
هەتا ئێستاش ـ سکەی ئاسن ـ
نەگەیشتۆتە هەورامان
هەتا ئێستاش
شاعیرەکان
باسی پرچ و مەمکی گوڵاو دەکەن
باسی ماچ و هەڵمژین و
ڕەشی و شینی چاو دەکەن
شاعیرەکان هەر زمانن
پاڵەوانی بارەکانن
لە هیچ چەکێ نازانن
بەڵام هەر زۆر زۆر شارەزای پێك هەڵدان و
ڕووتکردنەوەی بارەژن و کچی جوانن

***

شاعیر چییە
گەر دڵداری نیشتمان و وڵات نەبێ
شیعر چییە و بۆچی دەشێت
گەر لە ژێر پێی داگیرکەردا
وەکوو لوغم نەتەقێت...؟

بۆ منی تازە شۆڕشگێڕی ڕیزی خەبات، ئەم هەڵبەستە زۆر سەرنجڕاکێش بوو. یەکەم، بۆ جۆشدانی خەبات و سووربوون لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە دژی سپای داگیرکەر، شیعری ڕۆژ بوو. دوهەم تێگەیشتن لەم هونراوەیە کە هەندێ ئاماژەی وەك شین و گریان و سکەی ئاسن و ... تێدا بوو، بیری داگیرکردم. حەزم دەکرد بزانم ئەم چەمك و وشانە، چ پێوەندییەکی بە "ئەحمەد موختارجاف"ی شاعیرەوە هەیە؟ چوونکە پێش لەو شیعرەی لەتیف هەڵمەت، تاکە بەیتێکی "ئەحمەد موختار"م نەخوێندبۆوە. بە کورتی و کوردییەکەی، لە دنیای شیعری کوردیدا تازە خەریکی پێمەلە بووم.

من ئەگەرچی، ساڵێك بەر لە شۆڕشی١٣٥٧ی گەلانی ئێران، لە ڕێگای کتێبێکی کوردی لە ماڵی ماموستای کۆچکردوو و هونەرمەندی ناسراوی گەلەکەمان، یەدوڵڵا ڕەحمانی فێری نووسین و خوێندن بە زمانی کوردی ببووم. بەڵام لە گەڵ وشەی کوردی هێشتا ئاشنا نەبووم. چوونکە لە سەردەمی پاشایەتی حەمەڕەزای پاڵەویدا، کتێبی کوردی قەدەغە بوو، چ بگا بەوەی فێری نووسین و خوێندن بە زمانی کوردی بین. هەر کە ڕێژیمی شا ڕووخا، کۆماری ئیسلامی تازە بە دەسەڵات گەیشتووش، لە باتی ئاوڕدانەوە لە زمان و فەرهەنگ و پەروەردە، ئاور و ئاسنی بە سەردا باراندین. منیش وەك زۆر لاوی ئەو سەردەمە، کورسی قوتابخانەم لە گەڵ چیا و ژیانی پێشمەرگایەتی گۆڕییەوە. بە دەست پێکردنی ئەو ژیانە و سەردانی باشووری کوردستان، لە گەڵ کتێبی کوردی پتر ئاشنا بووم.

لەو دیوانە شیعرانەی یەکەمجار لە کتێبفرۆشییەکەی مام سابیر لە شاری کەلار دەستم کەوت، دیوانی قانیع و گۆران بوو.

چاپی نوێی دیوانی "ئەحمەد موختارجاف"، ١٩٨٦ کەوتە کتێبفرۆشییەکانی باشووری کوردستان. بۆیە ئەو کاتە شیعری " ئەحمەد موختارجاف" و تاهێربەگی جاف و... لە کتێبگەلی قەبارە بچووك و لاپەڕەی کۆن و کاییدا کە نەمر گیوی موکریانی ئەرکی کۆکردنەوە و لەچاپدانی کێشابوون، لەم لاو لەولا، بە هەزاران زەحمەت دەست دەکەوتن. منیش نازانم ئەو کۆمەڵە شیعرەی "ئەحمەد موختارجاف"م چۆن دەست کەوت کە وەڵامی پرسیارەکانی خۆمم تێدا دۆزییەوە.

لە دوو توێی ئەو دیوانەدا تەفرنجم دا، شین و ناڵین و گریان، نیوە دێڕی هونراوەیەکی ١٩ بەیتی شاعیرە کە ئاوا دەست پێدەکا:

دێتە گوێم دەنگێ بە سۆز و شیوەن و گریانەوە
ناڵەی دڵمە لە حەسرەت خاکی کوردستانەوە

لە درێژەی ئەو شیعرەدا دەڵێ:

پاش قڕانی موددەعی، دەست پێ ئەکەن تەعمیری موڵك
ڕێگەیی ئاسن ئەچێتە شاخی هەورامانەوە

هەر وەها لە پێج خشتەکییەکی تردا، ڕوو دەکاتە شاعیرانی کورد و لێیان دەخوازێ:

شاعیرانی کورد بەسە بەس باسی زوڵف و چاو بکەن
کەم خەیاڵی پەرچەم و کاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن
لابدەن کەم باسی سونبول یا لاولاو بکەن
ئێوە تەدبیرێکی حاڵی قەومی دڵسووتاو بکەن
....
ئێوە تەعریفی مەی و پیاڵە و سەهبا ئەکەن
دائیما هەر باسی لەنجە و قامەتی ڕەعنا ئەکەن
...

بە خوێندنەوەی ئەم شیعرانەی "ئەحمەد موختارجاف"ی شاعیر، تێگەیشتم کە ماموستا لەتیف هەڵمەت بە ئاماژە بەو هەڵبەستانەی شاعیر، دەیهەوێ هەم یادێك لەو نەمرە بکاتەوە و هەم بە گیانی پاکی ئەو شاعیرە کۆچکردووە و خەڵکی کوردستان بڵێ:

ئەو نەهامەتیانەی تۆ لە ساڵەکانی سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی و دواتر ئاماژەت پێکردووە، هێشتا بەرۆکی کوردی بەرنەداوە. هێشتا شین و ناڵین و گریان لە نێو کوردستاندا هەر ماوە. هێشتا ئەو ئاوات و خەونەی تۆ "کە سکەی ئاسن بگاتە هەورامان"، نەهاتۆتە دی. هێشتا بەعس لە عێراق، کۆماری ئیسلامی لە ئێران و دەسەڵاتدارانی تورك و عەرەب لە تورکیە و سووریە خەریکی کورد قەڵاچۆکردنن.

چوونکە، لە لایەك کورد و ڕووناکبیرانی ئەو گەلە، خۆیان بە شتی لاوەکییەوە سەرگەرم کردووە و دوژمنانیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هارتر، بەر بوونەتە گیان و ماڵی کورد و دەیکوژن و تاڵانی دەکەن. ئێستا کە ئەم دێڕانە دەنووسم، ٣١ ساڵ بە سەر ئەو سەردەمەدا تێپەڕیووە. منی تازە لاوی ئەو چاخە، ئیرەنگە، نە تەنیا سەرم ڕووتاوەتەوە، بەڵکوو مووی ڕەشیشم بە سەرەوە نەماوە. سپی وەك لۆکە.

کوردستانیش پارچەیەکی، دوای هەزاران هەزار قوربانی و ماڵوێرانی لە باشوورەوە ئازادە. بەڵام هێشتا هزر و بیری عەرەبەکە لەو وڵاتەدا، دانی ڕاستەقینە بە مافی کورددا نانێ. هێشتا کەرکووك هەر دیلە و چاوەڕوانی ڕۆژی ڕزگارییە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆماری ئیسلامی ئێران پەت و سێدارەی بۆ کورد و بەلووچ و ئازادیخوانی ئەو وڵاتە هەڵخستووە و هەر ڕۆژە پۆلێك مرۆڤ لە سێدارە دەدا.

تورکیە، وازی لە وشەی تورکەکێویلە هێناوە. دەڵێ: جگە لە تورك خەڵکی دیکەش لەو ئاخەدا دەژین، بەڵام ناوی کورد ناهێنێ.

ڕۆژئاوای کوردستانی بریندا‌ریش لەم کاتەدا بە دەست چەند دەردەوە دەناڵێنێ،١ـ پرش و بڵاوی کورد لە لایەك و چەواشەکاری بەشێك لە هێزە کوردییەکان لە لایەکیترەوە، دەردی سەرباری هەموو دەردانە. ٢ـ بوونی تاقمگەلی ئیسلامی توندئاژۆ و لێڵ کردنی ئاوەکە بەزیانی کورد و عەرەبی وەزاڵەهاتووی بن دەسەڵاتی ڕێژیمی بەعسی سووریە، ئازارێکی دیکەیە. لەوەش پڕ ئازارتر ئەوەیە قامیشلۆ و حەلەب و شار و گوندە کوردنشینەکان بە ڕواڵەت ئازادن، بەڵام هەیکەلی بەعس، لەو دەڤەرەدا هەر وا ماوەتەوە و دەستی لێنەدراوە!؟

بەم ئاماژە بروسکەئاسایە، سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی شاعیری شەهید "ئەحمەد موختارجاف" و تەمەن درێژی بۆ ماموستالەتیف هەڵمەت دەخوازم بۆ درێژەدان بە وێژە و ئەدەبی کوردی.



"ئەحمەد موختارجاف" لە چەند دێڕدا:

ئەم شاعیرە کوڕی وەسمان پاشای گەورەی جاف و عادیلەخانمە. برای تاهێربەگی جاف، شاعیری ناسراوی نەتەوەی کوردە.

ساڵی ١٨٩٨ لە هەڵەبجە لە دایك بووە. خوێندنی سەرەتایی و دواتر تایبەتی لە دیوەخانەکەی باوکیدا خوێندووە.جگە لە زمانی زکماکی، زمانەکانی عەرەبی، تورکی، فارسی و نەختێکیش ئینگلیزی زانیووە. لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٩ تا ١٩٢٤ قایمقامی هەڵەبجە بووە. دواتر بووە بە نوێنەری پارلەمانی عێراق و پاشان وازی لە دەسەڵاتداری میری هێناوە و خۆی بە ڕاو و سەیران سەرقاڵ کردووە.

لە ساڵی١٩٣٤ دا لە گوێ چەمی سیروان، بە هۆی دەستێکی نادیار، لە تەمەنی ٣٦ ساڵیدا، کوژراوە.

سەرچاوەکان بۆ ئەم نووسینە:

دیوانی "وشەی جوان گوڵە گوڵ"، چاپخانەی "الحوادپ"، بەغداد ١٩٧٩ـ

دیوانی "ئەحمەد موختارجاف"، چاپخانەی "الادیب"، بەغداد ١٩٨٦ـ

ئۆسلۆ، ٢٠١٣/١١/٤

## بڵاوکراوەی نوێ

بیرەوەرییەکانی گۆرباچۆف، ناونیشانی نوێترین کتێبێکە کە کاك مەسعوودی بابایی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

کاك مەسعوود وەکوو پێناسەیەك بۆ کتێبەکە دونووسێت:" لە سەردەمی پشێویدا خەڵکی ڕووسیا و وڵاتانی سەر بە سۆڤیەتی پێشوو و هەروەها خەڵکی سەرتاسەری جیهان پرسیارانی زۆر لە خۆیان دەپرسن. لەم ساڵانەی دواییدا چیمان بەسەرهات؟ وەرچەرخانەکانی کۆمەڵگاکەمان لەم گۆڕانە گەورەیەوە سەرچاوەی گرت یا خۆ زادەی ویستی خەڵك بوو ـ وەك هەندێ کەس دەڵێن ویستی باش و بە گوتەی کەسانی دیکەش ویستی خراپ؟ هۆکارگەلی شاراوە لە پشت ئەو ڕووداوانەی کە بۆ دووەمینجار لەم سەدەیە( سەدەی بیستەم) ژیانی وڵاتەکەی ئێمەی بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕی و لێکەوتەکانی لە سەرتاسەری جیهاندا چی بوون؟ داوڕۆژ بۆ ئێمە چ شتێکی لە هەگبەدایە؟"




ئەم وەرگێڕانە بەنرخە لە دوو بەرگدا لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاو کردنەوە ـ بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕانەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

# رانییە میوانداریی شیعری چوارپارچەی کوردستانی کرد



سەنتەری هاوبەشی لوڕ و بەڕێوەبەریەتی ڕۆشنبیری و هونەری رانیە، بە هاوکاریی وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوان و بەڕێوەبەریەتی گشتی ڕۆشنبیریی و هونەری سلێمانی، فێستیڤاڵێکیان لە هۆڵی ٥ ی ئازار لە شاری ڕانیە و لە ژێر ناوی" شیعری کوردی" بۆ شاعیرانی هەرچوارپارچەی کوردستان سازدا.

ڕۆژانی ١٦ تا ١٨ی مانگی خەزەڵوەر، لە شاری رانیە، فێستیڤاڵی شیعری کوردی بە کردنەوەی پیشانگایەکی کتێب و پیشانگای کەلەپووری کوردی لە لایەن کۆمەڵەی هەرەوەزی دەست ڕەنگینەکانی سلێمانی دەستی پێکرد. هەروەها تیپی هەڵپەڕکێی سلێمانی و تیپی موزیکی سەنتەری لوڕ کەشوهەوایەکی تایبەتیان بە میهرەجانەکە بەخشی.

لە بەشێکی دیکەی مەراسیمی کرانەوەی فێستیڤاڵدا، وتاری لیژنەی باڵای فێستیڤاڵ لە لایەن سیروان جەلالەوە پێشکەش کرا. وتاری ئیدارەی ڕاپەڕین لە لایەن مامۆستا حەمید و وتاری بەڕێوەبەریەتی ڕۆشنبیری و هونەری رانیە لە لایەن سەرکەوت بورهانەوە پێشکەش کران. دوا وتاریش، وتاری بەڕێز جەبار یاوەر بوو کە بە ناوی سەنتەری هاوبەشی لوڕەوە پێشکەشی کرد.

سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکەم، لە بەشێکی دیکەی مەراسیمی کرانەوەی فێستیڤاڵدا، هەریەك لە شاعیران جەمال غەمبار و جەلالی مەلەکشا بە خوێندنەوەی پارچەشیعرێکی خۆیان و هەروەها ناهید حسێنی وەکوو وەفادارییەك بۆ ئیمپراتووری شیعری کوردی ، بە خوێندنەوەی پارچە شیعرێکی شیرکۆ بێکەس، بەشی ئەدەبیی فێستیڤاڵیان کردەوە.

پاش مەراسیمی کرانەوەی فێستیڤاڵ و لە درێژەی ڕەوتی فێستیڤاڵدا، ڕۆژانی فێستیڤاڵ بەسەر چوار دیداردا دابەشکران کە هەرکام لەو دیدارانە بە ناوی شاعیرێکی ناوداری کوردەوە ناوزەد کرابوو، دیداری باباتاهیری عوریان، دیداری شێرکۆ بێکەس، دیداری جگەرخوێن و دیداری ئەحمەدی خانی. لە میانەی ئەو دیدارانەدا نزیك بە ٥٠ شاعیر لە هەرچوارپارچەی کوردستان شیعریان خوێندەوە.

لە میانەی دیدارە شیعرییەکاندا، سەرجەم شاعیرانی میوان لە چوارپارچەی کوردستانەوە بەرهەمە شیعرییەکانی خۆیان پێشکەشی هۆگرانی شیعری کوردی کرد. شایانی باسە، ئامادەبوونی ڕێژەیەکی بەرچاو لە شاعیرانی پێشەنگ و نوێی ڕۆژهەڵات گوڕ و تینێکی سەرنجڕاکێشی بە فێستیڤاڵ بەخشیبوو.

# ڕیالیزمی سێحراوی

ڕیالیزمی سێحراوی یەکێك لە لقەکانی واقێعگەرایی لە قوتابخانە ئەدەبییەکانە کە لەودا پێکهاتەکانی ڕاستی گۆڕانی بە سەردا دێ و جیهانێکی ڕاستەقینە بەڵام بە پێوەندییەکی هۆ و بەرهۆیی تایبەتی خۆیەوە دەخوڵقێ. لەو چیرۆکانەی کە بە شێوازی واقێعگەرایی سێحراوی نووسراون، هەموو شتێك ئاساییە، بەڵام توخمێکی سێحراوی و ناسرووشتی لەودا هەیە. دوای رووخانی قوتابخانەی ڕومانتیزیسم، قوتابخانەی ڕیالیزم پێکهات. ئەم قوتابخانەبە بابەتەکانی خۆی لە کۆمەڵگای هاوچەرخ دەدیتەوە. کەواتە ئەدەبیاتێکی لەمچەشنە نەیدەتوانی وەکوو ڕومانتیزیسم تاکەکەسی و فیۆدالی بێ. ڕیالیزم قوتابخانەیەکی بەرچاو و ناکەسیەتییە و قارەمانەکانی ڕۆمانی ڕیالیزمی کەسانی نائاسایی نین بەڵکوو لە خەڵکی ئاساییین.

هەواڵ

## هەشتەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن

هەشتەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن بە ئامادەبوونی چەندین ئەستێرەی جیهانی فیلم لە پایتەختی بریتانیا بەڕێوە دەچێت.

بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، لە ڕێکەوتی ٢٤ی خەزەڵوەر هەتا ٣ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی، لە دوو هۆڵی سینەمایی "هەنکی پیکچێر هاو" و "وێست بۆرن ستۆدیۆز"ی شاری لەندەن ئەو فێستیڤاڵە بەڕێوەدەچێت.

فێستیڤاڵی فیلمی کوردیی لەندەن، تەنیا فێستیڤاڵێکە کە بەرهەمە هەڵبژێردراوەکانی هەر چوار بەشی کوردستان تێیدا بەشداری دەکەن.

لە فێستیڤاڵی ئەمساڵی فیلمی کوردیی لەندەن دا، ١٢١ فیلم، لەوانە ٢٣ فیلمی درێژ، ٤٦ فیلمی دێکیۆمێنتاری و ٥٢ کورتە فیلم نمایش دەکرێن.

## کچە قوتابیانی شنۆیی درێژترین نەققاشیی ئاستی ئێرانیان کێشایەوە



بەپێی هەواڵی ئاژانسی کوردپا کچە قوتابیانی شنۆیی درێژترین نەققاشیی ئاستی ئێرانیان کێشایەوە کچە قوتابیانی قوتابخانەی ٢٢ی بەهمەن لە شاری شنۆ نەققاشییەکی ١٠٠ میترییان بە ناوەڕۆکی پاك و خاوێنی کێشایەوە.

ماڵپەڕی ناوەندی بێهداشت و دەوا و دەرمانی شنۆ بڵاوی کردەوە، بە هاوکاریی شۆڕش نەسیری خێراترین نیگارکێش لە ئاستی ئاسیا و هەروەها ناوەندی بێهداشت و دەوا و دەرمانی شاری شنۆ بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ خولێکی نیگارکێشیی ١٠٠ میتری لە قوتابخانەکانی شاری شنۆ بەردەوام دەبێت.

ئەو خولە نیگارکێشییە ڕێکەوتی ٢١ی خەزەڵوەر دەستی پێکرد و کچە قوتابیانی قوتابخانەی ٢٢ی بەهمەن بۆ ماوەی ٤٥ خولەك توانییان ئەو تابلۆ ١٠٠ میترییە بکێشنەوە.

بەڕێوەبەرانی ئەو خولە نیگارکێشییە ئامانجی خۆیان بۆ پەروەردەی منداڵان لە بواری تەندروستی و پاك و خاوێن ڕاگرتنی دەوروبەری قوتابخانەکە گەڕاندۆتەوە.

# ڕۆمانی "هەرەس هێنانی کۆلۆنێل" لە نووسینی مەحمود دەوڵەت ئابادی خەڵاتی ئەدەبی "یان میخالسکی" ٢٠١٣ی بردەوە

وەرگێڕانی: سمایل ڕەحمانی

بە گوێرەی هەواڵدەریی سوئیس ڕۆژی چوارشەممە (٢٢ی خەزەڵوەر) ناوەندی ئەدەبیی "یان میخالسکی" لە شاری مونتریشەی ئەو وڵاتە، ڕۆمانی "هەرەس هێنانی کۆلۆنێل"ی مەحموودی دەوڵەت ئابادی نووسەری ناوداری ئێرانی وەکوو براوەی خەڵاتی ئەدەبیی "یان میخالسکی" دەسنیشان کرد.

ناوەندی "یان میخالسکی" لە لایەن "ڤێرا میخالسکی" بەڕێوەبەری چەند دامەزراوەی چاپەمەنیی لە وڵاتانی فەرانسە و سوئیس و لەهستان لە پاییزی ساڵی ٢٠٠٧دا بە ناوی ژنەکەیەوە دامەزراوە.

ئەم ناوەندە لە ناوچەی مونتریشە بوورسییە و مۆڵەتی مانەوەی ١ ساڵە دەدات بە نووسەرانی دونیا.

مەحموود دەوڵەت ئابادی ئەو ڕۆمانەی لە سەرەتای دەیەی ٨٠ی زایینی نووسیوە و چیرۆکەکەیشی بۆ ئەو ساڵانە دەگەڕێتەوە.

خەڵاتی ئەدەبیی ناوەندی "یان میخالسکی" لە پاش ساڵی ٢٠٠٩، هەموو ساڵێ دەدرێ بە پەرتووکێك لە ژانری ئەدەبی، ڕۆمان و بابەت و کتێبی هونەری و خۆشنووسی و ... و خەڵاتەکەش بە ٥٠ هەزار فرانکی سوئیسی مەزەندە دەکرێ.

ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندنی ئەمساڵ بریتی بوون لە: ڤێرا میخالسکی بەرپرسی لیژنەی هەڵسەنگاندن، مارك بێنێژیك نووسەر و وەرگێڕی لەهستانی، یانیك هانێل نووسەری فەرانسەوی، ئیزابێل هیلتۆن ڕۆژنامەنووسی سکاتلەندی، ژۆرژ نیوات مێژووناس و وەرگێڕی فەرانسەوی، تارۆن جەی.تجپال ڕۆژنامەنووس و نووسەری هێندی و ئیلیا تروجانۆف نووسەری ئاڵمانی بە ڕەگەز بۆلغاری.

لیژنەی هەڵسەنگاندنی ئەمساڵ ریزیان لە دوو کتێبی "هەلۆ و ئەژدیها" لە نووسینی "سێرژ گرۆنزینسکی" کە لەمەڕ ئۆوروپا و بەجیهانی بوونە لە سەدەی بیستەمدا و هەروەها "ئیمپراتۆریی درۆکان" لە نوسینی "استیف سم ـ سندبێرگ" نووسەری سوئێدی کە لە سەر گێتۆی جوولەکەکان لە لۆدزی لەهستان لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا نووسیویەتی گرت.

کۆلۆنێل ژیانی ئەفسەرێکی ئەرتەشی سەردەمی پاشایەتی باس دەکات کە ٥ منداڵی هەیە و هەر کام لە منداڵەکانی بە شێوەیەك سەر بە ڕێبازێکی سیاسین.

کەسێك درنگانی شەو لە درگای ماڵی کۆلۆنێل دەدا، دوو پیاو ئەو لەگەڵ خۆیان دەبەن تاکوو تەرمی کچەکەی کە دوو مانگ لەوەپێش لەلایەن چەکدارەکانی حکومەتەوە کوژراوە وەربگرێتەوە.

یەکێك لە کوڕەکانی هەرەس هێنانی کۆلۆنێل لەکاتی شۆڕشی گەلانی ئێران و کوڕەکەی دیکەی لە کاتی شەڕی ئێران و عێراق دا کوژراون. هەرەس هێنانی کۆلۆنێل تووشی "عەزابی وێژدانە" و لە دوای تێپەڕینی ئەو هەموو ساڵە خۆی لە تێکچوونی بنەماڵەکەی بە تاوانبار دەزانێ.

ڕێوڕەسمی پێشکەش کردنی خەڵاتەکە لە ناوەندی ئەدەبیی "یان میخالسکی" لە شاری مونتریشەی سوئیس بەڕێوەدەچێ.

"هەرەس هێنانی کۆلۆنێل"ی دەولەت ئابادی وەرگێڕدراوەتە سەر چەندین زمانی جۆراوجۆر بەڵام هێشتا لە ئێران مۆڵەتی بڵاو کردنەوەی وەرنەگرتووە.

ئەم ڕۆمانە چەندین جار لە لایەن وەزارەتی ئیرشادەوە کەوتووەتە بەر فیلتێری سانسۆر.

بریار وابوو ناوەندی بڵاوکردنەوەی "چشمە" ئەو کتێبە لە ئێران چاپ و بڵاو بکاتەوە بەڵام مۆڵەتی خۆیشی لە لایەن وەزارەتی ئیرشادەوە هەڵوەشێنرایەوە.

مەحمود دەوڵەت ئابادی ١٠ی پووشپەری ساڵی ١٣١٩ لە دەوڵەت ئابادی سەبزەوار لە دایك بووە. ئەو نووسینی چیرۆکی لە ساڵی ١٣٤١ بە بڵاوکردنەوەی چیرۆکی "کۆتایی شەو" دەست پێ کرد و پاشان گەلێك ڕۆمانی دیکەی نووسیووە.




بێ دوان...

# بڕیاری ڕاگرتنی شەڕی سێ مانگەی کوردستان

## لە وتووێژ لەگەڵ تەیموور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دیمانە: کوردستان

سی و سێ ساڵ لەمەوپێش لە ڕێکەوتی ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨، خومەینی ڕێبەری ئەو کاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران پاش سێ مانگ شەڕیماڵوێرانکەر و داسەپاو بەسەر خەڵکی ئازادیخواز و بێ تاوانی کوردستانی ئێراندا، فەرمانی ڕاگیرانی شەڕی دەرکرد. شەڕێکە لە مێژووی هاوچەرخی خەباتی نەتەوەی کورددا بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە شەڕی سێ مانگە ناوبانگی دەرکردووە.

بۆ ئەم مەبەستە و بەمەبەستی تاوتوێ کردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم فەرمانەی خومەینی، وتووێژێکمان لەگەڵ بەڕێز تەیموور مستەفایی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ئەنجام داوە کە سەرنجی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستانی بۆ رادەکێشین.

**پ: لە دەسپێکدا بفەرموون، ئەو شەڕە چۆن بوو کە بە شەڕی سێ مانگە ناوبانگی دەرکرد؟**

بەو هۆیەوە کە شەڕی کوردستان لە ڕۆژی ٢٦ تا ٢٨ی گەلاوێژ و فتوای جیهادی خومەینی لە دژی گەلی کورد و بەرنگاری هێزی پێشمەرگە لە بەرانبەر هێرشی هێزەکانی ڕێژیم تا ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەر کە خومەینی پەیامی بۆ ڕاگرتنی شەڕ دا ٣ مانگی کێشا، بۆیە بە شەڕی ٣ مانگە بەناوبانگە.

**پ: ئەم شەڕە چۆن هەڵگیرسا و دەسپێشخەری ئەم شەڕە کێ بوو؟**

ڕێژیمی ئیسلامی پێش لەو ڕێکەوتەش چەند شەڕێکی دیکەی وەك شەڕی سنە، نەغەدە و.... بە سەر خەڵکی کوردستاندا سەپاندبوو، هەڵگیرساندنی ئەم شەڕانە ڕێخۆشکەری شەڕێکی بەربڵاوتر بوون کە لە درێژەی ئەو پیلانەدا لە کاتی تێکهەڵچوونی ٢ کەس لە شاری پاوە ڕویدا کە ئەم تێکهەڵچوونە زیاتر بیانویەك بوو بۆ بەڕێوەبردنی پیلانەکەیان کە سەرتاسەری کردنی شەڕ لە کوردستان بوو. بۆیە لە ڕۆژی ٢٦ی گەلاوێژ شەڕ لە پاوەوە دەستی پێکرد و لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ خومەینی فەرمانی جیهادی لە دژی گەلی کورد دەرکرد و لەو فەرمانە شوومەیدا بە هێزەکانی ڕاگەیاند کە ڕەحم بە کەس نەکەن، ئەوە بوو لە ماویەکی کورتدا ئەم شەڕە سەرانسەری کوردستانی تەنییەوە کە دیارە دەستپێشخەری ئەم شەڕە هێزەکانی ڕێژیم بوون.

**پ: مەبەست لە هەڵایسانی ئەم شەڕە چی بوو؟**

مەبەست لە هەڵگیرساندنی ئەو شەڕە پێشگیری لە پەرەگرتنی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بوو کە داخوازییەکانی ئەم حیزبە واتە دێموکراسی ومافی نەتەوەیی کە دژی بیروباوەڕی دواکەوتووانە و دژی گەلییانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بوو. هەڵگیرساندنی شەڕ لە پاوە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتی ستراتیژیکی ئەم ناوچەیە بە هۆی بوونی چەند زاراوەی جیاواز و چەند مەزهەب و ئایینی جیاواز.

**پ: چۆن بوو خومەینی پاش سێ مانگ بڕیاری ڕاگرتنی شەڕی دەرکرد؟**

شکانی پەیتا پەیتای هێزەکانی ڕێژیم لە بەرانبەر هێزی پێشمەرگەدا و شپرزەیی و بێ وره بوونیان هۆکاری سەرەکی ڕاگرتنی شەڕەکە بوو.

**پ: مەبەستی خومەینی لە ڕاگرتنی ئەم شەڕە چی بوو؟ ئایا مەبەستەکەی چارەسەری پرسی کورد بوو؟ یان خود ئامانجێکی دیکەی دەپێکا؟**

خومەینی پاش چەند مانگ مەبەستی خۆی لە ڕاگرتنی شەڕ بە ڕاشکاوی باس کرد و وتی مەبەستی لە ڕاگرتنی شەڕ ئەوە بووە "دژە شۆڕشەکان" (هێزی پێشمەرگە) گەمارۆ بدەن و لە نێویان بەرن هەروەها مەبەستی بوو کە هێز تێکشکاو و بێ ورەکانی خۆی ڕێك بخاتەوە.

**پ: بڕیاری ڕاگرتنی شەڕ لە لایەن خومەینییەوە دواتر چ لێکەوتەیەکی لێ کەوتەوە؟**

بڕیاری ڕاگرتنی شەڕ بوو بە هۆی پێکهاتنی ٢ وەفد کە وەفدێکیان نوێنەرایەتیی حکومەتی دەکرد و وەفدی کوردیش لە ڕێکخراوەکانی ئەوکاتی بەشدار لە خەباتدا پێکهاتبوو. لە ڕاگرتنی شەڕەوە تا دەستپێکردنەوەی دووبارەی شەڕ، ئەم دوو وەفدە چەند چاوپێکەوتنێکیان هەبوو کە هیچ ئاکامێکی بەدواوە نەبوو و لەو ماوەیەدا ڕێژیم سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوە بۆ دووبارە هێرش کردنە سەر کوردستان بوو و هێزەکانی کوردستانیش لەو ماوەیەدا خۆیان زیاتر لە پێشوو ئامادە کرد و ئامانجەکانیان زیاتر بۆ خەڵك روون کردەوە.

**پ: لە کۆتاییدا، لە پێوەندی لەگەڵ ئەم پرسەدا شتێکی تایبەتی هەیە کە باستان لێ نەکردبێت؟**

لە دەستووری جیهادی خومەینی تا ڕاگرتنی شەڕ، دەیان گوندی کوردستان لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە قەڵاچو کران و خاڵخاڵی قاتڵی بەناوبانگ، پۆل پۆل لاوانی کوردستانی لە دادگایەکی فەرمایشی و چەند چرکەییدا لەسێدارە دەدا و جەوێکی ترساندن و تۆقاندنیان لە کوردستان ڕێکخست و مەبەستیان لەم جینایەتە چاوترسێن کردنی خەڵکی کوردستان بوو کە دیارە خەڵکی کوردستان بەم جینایەتانە و زۆر جینایەتی دیکە چاوترسێن نەبوون و کوردستانیان لە ژێر پێی بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم دا کردە ئاگر و نیشانیان دا کە بۆ گەیشتن بە مافە رەواکانی گەلەکەمان ئامادەی هەموو فیداکارییەکن کە بێگومان ئەم بەربەرەکانێ قارەمانانەیە لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەکەماندا بە خەتی زێڕین تۆمار دەکرێ.

# کۆنفرانسی کورد مۆدێلی ئاشتی و دیمۆکراسی و چارەسەری

## لە وتوێژ لەگەڵ محەممەد ساڵح قادری ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دیمانە: کوردستان

**بەڕێز کاك موحەممەد ساڵح قادری تکایە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو کۆنفرانسەی کە بەڕێزتان وەك نوێنەری حیزب لە تورکیە تێیدا بەشدار بوون چەن زانیارییەکمان بۆ خوێنەرانی کوردستان و ئاگری پێ بدەن.**

وەك لە ڕاگەیەنە گشتیەکانیشدا پێکهاتنی ئەو کۆنفرانسە بوو بە ڕۆژەڤی ئاژانسە هەواڵدەرییەکان و لاپەرەی بەشێکی بەرچاو لە ڕۆژنامەکانی کوردستان ، تورکیە و هەروەها بیانی بۆ خۆی تەرخان کرد و لەTV یەکاندا روماڵ کرا. ڕۆژی ٢٠١٣/١١/٩ کۆنفرانسی "کورد مۆدێلی ئاشتی دیمۆکراسی و چارەسەری گفتوگۆ دەکەن" کە لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی بۆ ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (IMPR) پێکهاتبوو، دەستی بە کارەکانی کرد. گرینگیی ئەو کۆنفرانسە لەوەدا بوو کە وەك دەزانین لە مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی تورکیە تا چەند ساڵ لەمەوبەر کە ئینکاری کورد و پرسەکەی دەکرا، دوای هاتنە ئارای پرۆسەی دیالۆگی نێوان کاربەدەستانی تورکیە و PKK، بۆ یەکەم جار لە سەر ئاستێکی بەرز و لە ئانکارای پێتەختی تورکیە وەها کۆنفرانسێك کە لە لایەن ڕێکخراوی IMPR "ناوەندی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی بۆ ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" پێکهاتبوو بەڕێوە چوو. ڕێپێدانی کاربەدەستانی تورکیە بۆ بەڕێوەچوونی وەها کۆنفرانسێك ئەوە دەگەیەنێ کە دەوڵەتی تورکیا خەریکی پێناسەکردنێکی نوێیە دەرهەق بە پرسی کورد، چ لە ناوخۆی تورکیەدا و چ لە وڵاتەکانی دراوسێی خۆیدا. تا چەند ساڵ لەمەوبەر تورکیە، ئێران، سوریە و عێراق بە دژی کورد چەند هاوپەیمانەتیان پێکەوە هەبووە و بەڕێوەیان بردووە.

**پ: ئەو کۆنفرانسە لە لایەن چ ڕێکخراوێك و بە چ مەبەستێك ساز کرابوو؟**

گرتنی وەها کۆنفرانسێك خۆی لە خۆیدا ئەوە دەگەیەنێ کە تورکیەی جاران کە بنەما فیکرییەکانی کەمالیستی کردبووە قالبی سیستمی حکومەتەکەی نەماوە و تورکیەی ئێستا لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا نایهەوێ درێژە بە سیاسەتەکانی رابردووی خۆی دەرهەق بە کورد بدات و پرسی کورد پشتگوێ بخات، بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنانی ئەو کۆنفرانسە و پێشوازی کردنی لە سەردانی سەرۆکی هەرێم بەڕێز کاك مسعود بارزانی و هەنگاوی لەو چەشنە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ دروست کردنی کەش و هەوایەکی دیالۆگ و لێك تێگەیشتن و تواندنەوەی سەهۆڵ بەندانی ئەو بێ بڕواییەی کە بە درێژایی دەیان ساڵ لە نێوان کورد و تورکدا دروست بووە. ئەو کارە ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ خێراییدان بە پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری لە تورکیە و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**پ: ئایا هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی چوار پارچەی کوردستان بەشداری ئەم کۆنفرانسە بوون؟**

بەشداربووان بریتی بوون لە: لایەنە سیاسییەکانی چوار پارچەی کوردستان، ئەکادیمیسیەنەکان، چالاکانی مافی مرۆڤ، نووسەران، نوێنەرانی پارتی AKP، نوێنەرانی چەندین سەفارەتخانە و میدیاکانی بیانی و ناوخۆی تورکیا. لەو کۆنفرانسەدا چەندین پەیامی گرینگ لە روانگەی جیاوازەوە بۆ چۆنیەتی چارەسەری پرسی کورد لە تورکیا پێشکەش کران و پێداگری لەسەر بەهێزکردنی ئیرادەیەکی جیدی بۆ چارەسەری پرسی کورد و نیازپاکی نواندنی لایەنەکان لەو پێوەندییەدا کرا. لەو بەشەدا تەئکیدی هاوڕێیانی AKP لەسەر ئەوەی کە ئەو پاکەتەی دیمۆکراسی ئەردۆغان هەنگاوی سەرەتایین و بێگومان هەنگاوی دیکەشی بە دوادا دێن، هەوڵی ڕاکێشانی سەرنجی بەشداربووانیان بۆ ئەو پرۆسەیە دا.

لە دوو ڕۆژ کاری کۆنفرانسدا دەیان پەیامی گرینگ لە روانگەی هەرکام لە پێشکەشکارانەوە بۆ چۆنیەتی چارەسەری پرسی کورد خرانە روو. لە هەر چوار بەشی کووردستان وێرای حیزبە سیاسیەکان، کەسانی پسپۆر و مێژووناس ـ مافپەروەر ـ ئەکادیمیەکان ـ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی – ڕۆژنامەوانەکان – خوێندکارانی زانکۆ – سیاسەتوانانی تورك و عەرەب قسەیان کرد.

**پ: تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم کۆنفرانسە چ بوون؟**

زەرورەتی پێداچوونەوەی سەرتاپای دەستووری بنەڕەتیی تورکیا و گونجاندنی لەگەڵ واقعی سەردەم کەوتە بەرباس. لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆنفرانسەدا پرۆفێسور ئەرگیل دۆغو پێی وا بوو چوار لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: (تورکیە، ئێران، عێراق و سوریە) ئاوسانی لەدایك بوونی گۆڕانکارین و وەك ئەوەی سکپڕ بن و چاوەڕوان بن ئایا دوای لێ بوونەوەیان کۆرپەکەیان لە باوەش دەگرن و لەگەڵ خۆیان دەژێنن، یان لە خۆیان جیای دەکەنەوە؟ مەبەستی پرسی کورد بوو. سەرپێچ ئاتاچ چالاکوانی مافی مرۆڤ تەئکیدی لەسەر ئەوەی کرد کە پرسی کورد، پرسێکی سیاسییە بەر لە هەموو شتێك، جا ئەو جار پرسێکی کلتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییە. گەر دان بەو ڕاستیانەدا نەنرێت ئەوکات کوردەکان ناچارن ڕێگای جیابوونەوە بگرنەپێش. تەئکیدی لەسەر پەیوەندی گەرم بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و لە باری ڕۆحییەوە هەڵگرتنی سنوورەکانی نێوانیان کرد.

شەمزین پۆلات نووسەری کوردی تورك زمان کە زازایە ئاماژەی بە ئەو تراژێدیانەی کە بە درێژایی مێژوو بە سەر کورددا هاتوون و ئەو ڕێکەوتنە هەرێمی و نێودەوڵەتیانەی کە لە دژی کورد بەستراون کرد و پێویستی لە ئامێزگرتن و یەکتر قبوڵ کردن لە دژی ئینکار و لە ناو بردنی هێنایە زمان و گوتی کورد لە سەر پێی خۆی وەستاوە و لە هەموو کات زیاتر پێداگری لە مافەکانی دەکات.

زۆربەی بەشدار بووانی پانێلەکان تەئکیدیان لە سەر مۆدێلی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەری پرسی کورد لە هەر کام لە وڵاتان دەکرد و سیستمی فیدراڵیان بە گونجاو ترین شێوە پێناسە دەکرد.

**پ: دەور و ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لەم کۆنفرانسەدا چۆن بوو؟**

دەوری حیزب زۆر بەرچاو بوو، خوێندنی پەیامی حیزب و بڵاوکردنەوەی بروشووری حیزب و وتاری بەڕێز کاك مستەفا هیجری بە زمانی ئینگلیزی و بەرنامە و پێڕەوی حیزب بە پیتی لاتینی سەرنجی بەشداربووان بۆ لای خۆی ڕاکێشا و ئەوان لەگەڵ روانگەی جیزب زۆرتر ئاشنا کرد.

لە بەشی پرسیارەکاندا دوو پرسیار بە شێوەی خوارەوە ئاراستەی نوێنەری حیزب کران:

**پ: بۆ چارەسەری پرسی کورد بە گشتی و لە ئێران بە تایبەتی چ مۆدێل و پرۆژەیەکتان پێ باشە؟**

وەڵام: پرسی کورد لە تەواویەتی خۆیدا پرسێکی سیاسییە و پێویستە لە دەستووری بنەڕەتیی هەر کام لە وڵاتاندا دان بە مافە نەتەوەییەکانیاندا بنرێت و بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی هەر کام لە وڵاتان و جووڵانەوەی کورد لەو وڵاتانە بە گرتنەبەری دیالۆگ و ڕێگای ئاشتیخوازانە چارەسەری پرسی کورد بکرێت. بۆ داهاتووی ئێرانیش سیستمێکی دێموکراتیك و فیدراڵی سیاسەتی حیزبەکەمانە و باشترین چارەسەرە تاکو ڕێگر بێ لە پارچە بوونی ئێران و بەرژەوەندیی هەموو پێکهاتەکان بپارێزێ. نموونەی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی بەغدا یەك لەو چارەسەریانەیە.

**پ: چەند ساڵێکە خەباتی چەکداریتان ڕا گرتووە و ئێستا بە چ ڕێگایەك خەباتی خۆتان درێژە پێ دەدەن؟**

وڵام: هەر لە سەرەتاوە سەرەکیترین شێوازی خەباتمان گرتنەبەری دیالۆگ و چارەسەری سیاسی و ئاشتیخوازانە بوو، بەڵام ڕێژیمی ئێران فتوای جیهادی دەرکرد و شەڕی بە سەر کوردستاندا سەپاند. هەر بۆیە ناچار بووین چەك هەڵگرین و بەرگری لە خۆتان بکەین، جارێکی دیکە لە ساڵی ١٩٨٩دا ڕێژیمی ئێران ڕێبەری حیزب د. قاسملوویان لە سەر مێزی دیالۆگ بۆ ئاشتی تیرۆر کرد و دواتر د. شەرەفکەندییان لە ساڵی ١٩٩٢دا تیرۆر کرد و دادگای میکۆنۆس سەلماندی کە ئێران ئەو تیرۆرەی کردووە. ئێستاش شەپۆلی لە سێدارەدان دەستی پێکردووە. کە وایە روانگەی ئێران بۆ کورد روانگەی خاپاندن و لە نێوبردنە و روانگەیەکی نیزامی و سەرکوتکاریە و بەو حاڵەش ئێمە وێڕای خەباتی دیپلۆماسی، ڕاگەیاندن و ڕێکخستن، هیواداریـن دەرفەتی چارەسەری پرسی کوردی ئێران لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی بە ڕێگای سیاسی چارەسەر بێت. لە غەیری ئەوەدا وێڕای نەتەوەکانی دیکەی ئێران و ئازادیخوازانی ئێران هەوڵ بۆ گۆڕینی ڕێژیم دەدەین. ئاماژە بە ماهییەتی ئەو ڕێژیمە و بێدەسەڵات بوونی پارڵمان و سەرۆك کۆمار و لە هەمان کاتدا بوونی دەسەڵاتی موتڵەقی وەلی

درێژەی لە لاپەڕە ٩ »»»»»»

درێژەی لاپەڕە ٨ »»»»»

فەقیە لەسەر بنەمای یاسا ئاسمانییەکان کە نەك هەر بۆ گەلانی ئێران، بەڵکوو بۆ وڵاتانی ناوچە و جیهانیش بووەتە مەترسییەکی گەورە و بە پشتگیری لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی لوبنان، سوریە، فلستین، عێراق و هەوڵی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی، هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی هەموو لایەك دەکات. هەر لەو بەشەدا پێشنیارمان بۆ میدیاکان و چالاکوانانی باکوور ئەوە بوو کە ئەگەر لە باری مرۆڤی و ئەخلاقیشەوە بێت، بێ ئاوڕێك لە ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران و دڕندەیی کۆماری ئیسلامی بدەنەوە.

هەروەها لە وڵامی ڕاسپێراوێکی هاوڕێیانی PKK لە کۆنفرانسدا کە حیزبی دێموکراتی بەوە تۆمەتبار کرد کە لە کەمپەکاندا ئیزۆلە بوون و چالاکیەکی ئەوتۆیان نەماوە و دوور کەوتوونەتەوە لە فەلسەفەی قازی محەممەد و حازر نین لەگەڵ پژاك پەیوەندییان هەبێ و تەنیا پژاکە کە لە ڕۆژهەڵات خاوەنی خەبات و شەهید و زیندانیی سیاسییە و ڕۆڵی بەرچاوی لە ڕۆژهەڤی ئەمڕۆدا هەیە و ئەوانەی لە سێدارە دەدرێن هەموویان پژاکین.

وڵامی نوێنەری حیزب ئەوە بوو کە پێش هەموو شتێك شانازی بەوە دەکەین کە قازی محەممەد دامەزرێنەری حیزبەکەمانە و بۆتە قوتابخانەی کوردایەتی بۆ نەتەوەکەمان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە. ئەگەر پێناسەی ئیزۆلە بوونمان ئەوە بێ کە تەنازولمان لە مافە نەتەوەییەکانمان نەکردووە، یان ئەوەی کە پشتگیری سەقامگیری هەرێمی کوردستان دەکەین و لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکاندا زمانی خێرمان بۆ پرسی کورد لە هەموو بەشەکاندا هەیە و دەستتێوەردان لە کارەکانیاندا ناکەین، ئەوە نەك هەر ئیزۆلە بوون نیە، بەڵکوو شانازییەکی گەورەیە و هەر بۆیەش لەگەڵ هەموو لایەنەکان پەیوەندییەکی باشمان هەیە. بەڵام چۆنە کە لایەنێك کە نە خاوەنی ستراتیژییەکی ڕوون و ئاشکرا بێ بۆ پرسی کورد، نە پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ هیچ لایەنێکی کوردستان هەبێ، نە بڕوای بە پێکەوە کار کردن لەگەڵ لایەنەکانی دیکە هەبێ، بەڵام لە هەمان کاتدا لەگەڵ هەموو وڵاتانی داگیرکەر پەیوەندی باشی هەبێ و تاکڕەویی و دیکتاتۆری شێوازی خەبات و هەڵسوکەوتی بێ خۆی نەبینێ، بەڵام پێی وابێ حیزبی دێموکرات کە ناچێتە ژێر باری ئەو شێوە کردەوانە حیزبێکی پەرتەوازەیە!!؟

شایانی باسە کە نوێنەرانی فەرمی بە ناوی PKK و لق و پۆپەکانییەوە بۆ کۆنفرانس بانگهێشت نەکرابوون، بەڵام خەڵکانی سەر بە خۆیان لە BDP ..... قسەی ئەوانیان دەکرد.

لەسەر یەك بەشی زۆری هێز و لایەنە سەرکی و ناسراوەکانی کوردستان بۆ کۆنفرانس بانگهێشت کرابوون. بەڵام بەشێکیان بە هۆی کێشەی دێکۆمێنتی سەفەریان و ڕێ پێنەدانی حکومەتی تورکیە نەیانتوانی بەشدار بن، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین کە پەیامی هەموو لایەنەکان بەجۆرێك لەو کۆنفرانسەدا دەنگی دایەوە، حیزبی دێموکرات چەند مانگ پێش لە گیرانی ئەو کۆنفرانسە ئاگاداری ئەو کارە بوو. هەر بۆیە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی IMPR وەك یەك لە بەشداربووان کە لەو کۆنفرانسەدا خاوەن وتار بێ، بە شێوەی فەرمی بانگهێشت کرا و لە پانێلی پاش نیوەڕۆی یەکەم ڕۆژی کۆنفرانسدا وتاری خۆی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و سەرنجی ئەوانی بۆ لای بیر و بۆچوونەکانی حیزب لەمەڕ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مۆدێلی چارەسەری پرسی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستاندا و هەروەها ماهییەتی دڕاندنە و دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی ڕاکێشا.

**پ: سازدانی وەها کۆنفرانسگەلێك تا چ ڕادەیەك دەتوانێ لەسەر پرسی ڕەوای کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین کاریگەر بێت؟**

وەك دەزانن ئیتر ئەمڕۆ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا وەك کاراکتریکی خاوەن ناسنامەی نەتەوەیی، سیاسی، ئابووری و ... و بە بێ چارەسەر کردنی، ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ناتوانێ هێمنایەتی بە خۆیەوە ببینێ. هەر بۆیە گرتنی ئەو کۆنفرانسگەلە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ ئەوەی ژینگەیەکی کراوەی سیاسی لەسەر بنەمای دیالۆگی دێموکراتیك دروست بێ. کە لە جیاتی فەزای شەڕ و ئینکاری لایەنەکان بتوانن لێك تێبگەن و بە هاوکاری یەکتر کار بۆ چارەسەری کێشەکان لە داهاتوودا بکەن.

## جووت حەوت

### هەوراز

ـ ئاخوند جەعفەر شوجوونی دەڵێ: "دەبێ کۆماری ئیسلامی بە چنگ و ددان بپارێزین".
واتای ئەدەبیانەتری ئەم ڕستەیە ئەوەیە: "لە کوڵتان نابینەوە، تەنانەت ئەگەر ناچار بین قەپ بگرین"، هەڵبەت ئەگەر بەو تەمەنەوە شێخ جەعفەر و هاوڕێیانی ددانی قەپگرتنیان مابێت.
ـ ئاخوند عەلیرەزا پەناهییان دەڵێ: "دەبوایە کۆت و شەرواڵ لە ئیسلامدا حەرام بکرێت. من دڵنیام ئەگەر ئەو سەردەمە کە کۆت و شەرواڵ هاتە ئێران، مەرجەعی بەهێزمان هەبوایە، حەرامیان دەکرد." هەڵبەت بە ڕەحمی خوا، لە کاتی ئافراندنی ئۆکسیژن، ئاو، خۆر و هەواشدا مەرجەعی تەقلیدێکی بەهێز نەبووە (بێجگە لە جەننەتی کە ئەودەم مەرجەعی تەقلید بوو، بەڵام لەبەر نەبوونی مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی، کەس حیسابی بۆ نەدەکرد) دەنا ئەوانەش حەرام دەکران.
شیرزاد دادفەڕ، یەکێك لە کارناسانی سیاسیی سپای پاسداران لە قائیمشەهر گوتوویەتی: "زۆربەی خەڵکی وڵاتانی دنیا، ئاڵای ئەمریکا زیاتر بە مەبەستی سووتاندن دەکڕن".
مانای ئەم قسەیە چیە؟ ئا: خەڵکی دنیا مێشکی کەریان خواردووە ب: زۆربەی خەڵکی دنیا ئەوەندە تێر و پۆشتەن کە جارجار پووڵەکانییان ئاگر تێ بەردەدەن ج: ئاڵای ئەمریکا لە نەوت و بەنزین و ئۆکسیژن بە نرخترە، کەواتە بژی ئەمریکا د: دنیا بریتیە لە قوم و قومشە و دامغان.
مەنسوور حەقیقەتپوور، جێگری سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئەمنیەتی میللی و سیاسەتی دەرەوەی مەجلیسی ڕێژیم سەبارەت بە وتەکانی وەزیری دەرەوەی ئیمارات لە مەڕ سێ دوورگەکەی باشووری ئێران گوتوویە: "تەمەن و بەرزی باڵای وەزیری دەرەوەی ئیمارات ناگاتە ئەو باسانە و باشتر وایە قسەی زیادی نەکات".
مەبەست ئەوەیە کە بۆ ئەوەی وڵاتێك ببێتە هاوشانی ئێران دەبێ:
١ـ تەمەنی وەزیری دەرەوەی لە لە ئایەتوڵڵا مەهدەوی کەنی کەمتر نەبێت (واتە یەکێك و تەلیسێك سفیر)
٢ـ بەرزیی باڵای وەزیری دەرەوەی لە ئەحمەدی‌نژاد (ببوورن لە بەشار ئەسەد) کەمتر نەبێت، ٣- وەزیری دەرەوەی بزانێ چۆن قسەی زیادی بکات (وەکوو زەریف).
"حەسەن رووحانی ڕۆیشت بۆ کەهریزەك"؟
هەڵبەت زۆر خۆشحاڵ مەبن، ئەوە نیە کە فیکرتان بۆی دەچیت. ڕەنگە داهاتوودا ئەوەش ببێت، بەڵام ئێستا دەڵێن چووە بۆ خانووی بە ساڵاچووانی کەهریزەك، بەڵام ڕێگەیان بە پەککەوتووەکان نەداوە بچن بۆ زیارەتی خاوەن شکۆ. پێم وابێ مەلاحەسەن منەتی بەو کەسانە نیە کە وێدەچێت بۆ هەڵبژاردنی خولی داهاتوو ناویان لە ڕیزی مردووەکاندا بێت.

# جیهانێک شیاوی منداڵان

فاتیح ساڵحی

ڕۆژی ٢٠ی نوامبری هەموو ساڵێك هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی پەسەند کردنی پەیماننامەی جیهانیی مافەکانی منداڵان و هەر بەم پێیە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ئەم ڕۆژە وەك ڕۆژی جیهانیی منداڵان لە ڕۆژژمێری فەرمیی وڵاتاندا جێگیر بووە. بەڵام ئەوەیکە لێرەدا گرینگە هۆکارەکانی ناوزەد کردنی وەها ڕۆژێك وەك ڕۆژی جیهانیی منداڵان و پەسەند کردنی کۆمەڵە مافێك لە ژێر ناوی پەیماننامەی جیهانیی مافەکانی منداڵانە.

بێگومان ئازار و خەسارە مرۆییەکانی پاش شەڕی جیهانیی ماڵوێرانکەری یەکەم و کوژرانی زیاتر لە ١٠ میلیۆن مرۆڤ بە دەستی مرۆڤەکان و مەترسیی نەمان و تێداچوونی نەوەی مرۆڤەکان بەتایبەتی کوژران و بێسەروشوێن بوونی سەدان هەزار منداڵ، بوو بە هۆی ئەوەیکە کۆمەڵێك لە مرۆڤدۆستان بەتایبەت ئەو کەسانەی بە پەرۆشی مافەکانی منداڵان و ژیانی منداڵانەوە بوون، بکەونە بیری داڕشتنی پەیماننامەیەك کە پارێزگاری لە مان و مەوجوودیەتی منداڵان بکات.

بەڵام سیاسەتە نادروستەکانی سیاسەتڤانان و کاربەدەستانی ئەوکاتی وڵاتانی جیهان و بەتایبەت وڵاتانی ئۆرووپایی و لە سەرووی هەموویانەوە سیاسەتە ڕەگەزپەرەستانەکانی حکوومەتی ئەوکاتی ئاڵمانی نازی بە ڕێبەری ئادۆڵف هیتلێر، کارێکی وای کرد کە ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی کە لە چوارچێوەی تێکۆشانەکانی کۆمەڵەی گەلان لەهەمبەر مافەکانی منداڵانەوە هاتە ئاراوە، بە تەواوی لە بیر بکرێ و بە هەڵایسانی بڵێسەکانی شەڕی جیهانیی دووهەم و کوژرانی زیاتر لە ٧٠ میلیۆن کەس لە دەرەنجامی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە، بە میلیۆنان منداڵ و مێرمنداڵ بوون بە قوربانیی ئامانجە دزێوەکانی شەڕ و نەوەی مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕاستەقینە کەوتە مەترسیی نەمان و فەوتان.

بۆیە بە شێوەیەکی جیدی پاش کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانیی دووهەم و پێکهێنانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە دەرەنجامی هەوڵ و ماندوو بوونی کۆمەڵێك کەس و ڕێکخراوی مرۆڤدۆست لە ٢٠ی نوامبری ١٩٥٩دا، پەیماننامەی جیهانیی مافەکانی منداڵان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پەسەندی وڵاتانی ئەندام گەیشت و پاش ٣٠ ساڵ لە ٢٠ی نوامبری ١٩٨٩دا لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە شێوەیەکی فەرمی لە لایەن وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان واژۆ کرا و وەك یاسایەکی نێونەتەوەیی بە هەموو وڵاتانی جیهان ڕاگەیەندرا.

بەڵام لە ڕاستیدا نێوەڕۆکی ئەو پەیماننامەیە هەڵگری کۆمەڵێك پرەنسیپی مرۆییە بۆ پشتگیری کردن لە ماف و ژیانی منداڵان و هەروەها پێشگیری کردن لە پێشێل کردنی مافەکانیان و بنبڕکردنی ئازارەکانی سەر منداڵ بۆ دابینکردنی جیهانێك شیاوی منداڵان کە منداڵان بتوانن لە کەشێکی ئارام و هێمنانەدا لە سیستمێکی زانستی و پەروەردەی فیکرییدا بە ئاوات و ئارەزووەکانیان بگەن و داهاتووی کۆمەڵگاکەیان لە هەمبەر خەسارە کۆمەڵایەتییەکان واکسینە بکەن.

بۆیە وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پابەند کران بە جێبەجێ کردنی ماددەکانی پەیماننامەی جیهانیی مافەکانی منداڵان و ڕێکخستنی یاسای بنەڕەتیی وڵاتەکانیان بە قازانجی منداڵان و مێرمنداڵان بۆ ئەوەیکە نەوەی مرۆڤ لە مەترسیی فەوتان و نەمان ڕزگاری بێت و جیهانێك بۆ منداڵان بخولقێ کە شیاوی کەسایەتی و بوونیان بێت. چونکوو منداڵان دەبێ لە هەر کۆمەڵگایەکدا بە شێوەیەکی تایبەتی پارێزگارییان لێ بکرێت و لە هێمنی و ئاشتیدا گەورە ببن. ئەمەش وای کرد لە زۆربەی وڵاتانی جیهان جگە لە پەسەند کرانی پەیماننامەی جیهانیی مافەکانی منداڵان لە پارلمانەکانیاندا، بۆ خۆیشیان کۆمەڵێك یاسای تایبەت بە پارێزگاری کردن لە منداڵان پەسەند بکەن و بەم شێوە بوارێکی گونجاو بڕەخسێنن بۆ پەروەردەی زانستی و سەردەمیانەی منداڵان لە وڵاتەکانیاندا.

بێگومان ئەگەر ئەو وڵاتانەی کە پەیماننامەی جیهانیی مافەکانی منداڵانیان واژۆ کردووە، پابەند بن بە جێبەجێ کردنی ماددەکانی ئەم پەیماننامەیە، منداڵان لە هەموو بوارەکاندا دەبن بە خاوەنی مافی دیاریکراوی خۆیان و بەمشێوەیە لە بەرامبەر زۆریەك لە ئازارە یاسایی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی، پەروەردەیی و ئابوورییەکاندا پارێزراو دەبن و بە دڵنیاییەوە کەشێك بۆ منداڵان دەخولقێ کە لە بەستێنێکی ئازاد و دێموکراتیکدا گەشە بکەن و پەروەردە ببن. چونکوو پەیماننامەی جیهانیی مافەکانی منداڵان بە شێوەیەکی گشتی منداڵان لە بەرامبەر هەر جۆرە پێشلکاریی مافەکانیان بەتایبەتی لە بوارەکانی نەتەوەیی، ڕەگەزی، زمانی، ئایینی و کلتووری دەپارێزێ و ڕێگە دەدا منداڵان ئازادانە و بەدوور لە هەرچەشنە هەڵاواردنێك و بە پێی داب و نەریت و فەرهەنگی خۆیان گەورە ببن و گەشە بکەن.

تا ئێستا ١٨٣ وڵات لە کۆی ١٩٣ وڵات کە بە شێوەی فەرمی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن و مافی دەنگدانیان هەیە، پەیماننامەی جیهانیی مافەکانی منداڵانیان واژۆ و لە پارلمانی وڵاتەکانیاندا پەسەندیان کردووە. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش وەك یەکێك لە وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ساڵی ١٣٧٣ی هەتاویدا ئەم پەیماننامەی بە مەرج واژۆ کردووە. هەر ئەم بە مەرج واژۆکردنەش بووەتە هۆکارێ بۆ ئەوەیکە بە شێوەیەکی ئامانجدار و سیستماتیك بەشێکی زۆر لە مافەکانی منداڵان بە هۆی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی و لە لایەن کاربەدەستانی ئەو وڵاتەوە پێشێل بکرێت. چونکوو هەروەك هەمووان ئاگادارن یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر ئایینی شێعەی ١٢ ئیمامی داڕێژراوە و ئەمەش وای کردووە کە هەر لە سەرەتاوە مافە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی منداڵان بە پێی ئایینی فەرمیی ئەو وڵاتە پێشێل بکرێت. بۆ نموونە بە پێی کونوانسیۆنی جیهانیی مافەکانی منداڵان هەر تاکێکی ژێر ١٨ ساڵ بە منداڵ حسێب دەکرێت بەڵام بە پێی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران کچان لە تەمەنی ٩ ساڵ و کوڕەکان لە تەمەنی ١٥ ساڵدا چیدیکە وەك منداڵ حسێبیان لەسەر ناکرێ و دەتوانن تێکەڵ بە پرۆسەی هاوسەرگیری بن. هەر لێرەدا بە ڕاشکاوی پێشل کردنی مافەکانی منداڵان دەبیندرێت و لە خودی ئەم پێشێلکردنەشدا چەندین جۆری پێشلکردنی دیکەی مافەکانیان خۆی دەنوێنێ وەك جیاکاریی لە نێوان ڕەگەزی منداڵاندا. چون بە پێی کونوانسیۆنی مافەکانی منداڵان نابێ هیچ جۆرە جیاوازییەك لە نێوان منداڵاندا بوونی هەبێت. بەڵام هەروەك ئاشکرایە لە ئێراندا بە شێوەیەکی ڕوون جیاوازی لە نێوان کچ و کوڕدا بوونی هەیە و ئەمەش لە یاسای بنەڕەتیی ئەو وڵاتەوە سەرچاوەی گرتووە.

یەکێکی دیکە لە مافە بنەڕەتییەکانی منداڵان مافی پەروەردە بوون بە پێی فەرهەنگی نەتەوەیی و زمانی دایکیی منداڵانە کە لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی جیهاندا ئەم مافە جێبەجێ کراوە، تەنانەت لە وڵاتێکی شەڕلێدراوی وەك ئەفغانستان و عێراق ئەم مافە بە پێی یاسای بنەڕەتیی ئەو وڵاتانە چووەتە خانەی جێبەجێ کردن و منداڵان بە بێ هیچ چەشنە جیاوازییەك دەتوانن لە مافی بەرامبەری وەك یەك سوود وەربگرن. بەڵام لە وڵاتی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بە هەموو شێوەیەك ئەم مافە بنەڕەتییەی منداڵان بە شێوەی ئاشکرا پێشێل کراوە و کاربەدەستانی ئەو وڵاتە ڕێگە نادەن کە منداڵانی ئێران کە لە شەش نەتەوەی جیاواز پێك هاتوون بە فەرهەنگ و زمانێك جگە لە زمانی فارسی کە زمانی زاڵ و فەرمیی ئەو وڵاتەیە پەروەردە ببن و گەشە بکەن. ئەمەش لە خۆیدا هەڵگری ئەم واتایەیە کە تواندنەوەی فەرهەنگی و ئاسمیلاسیۆنی منداڵان پرۆسەیەکی ئامانجداری دەوڵەتییە کە دەبێتە هۆی ڕووخانی کەسایەتیی منداڵ و ڕێگەی ئێلیناسیۆنی منداڵان بە هەموو شێوەیەك خۆش و هەموار دەکات. بێگومان ئەمە یەکێك لە دڕندانەترین شێوەکانی پێشێلکردنی مافەکانی منداڵانە کە لە کۆماری ئیسلامیدا وەك ئەسڵێکی بنەڕەتیی لێهاتووە و بووەتە هۆکارێ بۆ سەرکوتی فەرهەنگی و سڕینەوەی مێشکی منداڵان لە مێژوو و شوناسی نەتەوەیی خۆیان و هەروەها سڕینەوەی مێشکیان بە پێی ئایینزای شیعەی دوازدەئیمامی و بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی و بە بەسیج کردنی قوتابیان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە دزێوەکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و هەنارده کردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و تێکەڵکردنی ئایین و پەروەردە و سیاسەتی چەپەڵی ئامانجداری کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەر لە قۆناغی زارۆکستانەوە تا دوا قۆناغەکانی خوێندنی باڵا.

ئەمانە تەنیا نموونەیەکی بچووکن لە پێشلکردنی مافەکانی منداڵان لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا. چونکوو ئەگەر بەراوەردێك بکەین لە نێوان ئەو ٥٤ ماددەی کە وەك مافی سەرکیی منداڵان لە پەیماننامەی جیهانیی مافەکانی منداڵاندا هاتووە، لەگەڵ ئەو سیاسەتانەی کە لە کۆماری ئیسلامیدا پەیڕەو دەکرێن بە جوانی بۆمان دەردەکەوێ کە هیچکام لە مافەکانی منداڵان لە کۆماری ئیسلامیدا ڕچاو ناکرێ و کەسایەتیی منداڵ لە یاساکانی ئەم وڵاتە بەرچاو نەگیراوە.

# ١٠٠ ڕۆژ لەگەڵ دەوڵەتی سەرکوت و فریو

سەلام ئیسماعیل‌پوور

سەد ڕۆژ لە هاتنە سەرکاری حەسەن ڕووحانی تێپەڕی، کەسێك کە دەیگوت بە کلیلە سیحراوییەکەی، هەموو درگا داخراوەکانی سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکیی ڕێژیم دەکاتەوە و وڵات لە هەموو بوارێکەوە بەرەو پێشکەوتن دەبات.

یەکێك لە پڕشورەییترین دەرئەنجامەکانی دەوڵەتی بە ناو تەدبیر و ئومێد لەم سەد ڕۆژەدا لە بواری مافی مرۆڤدا بووە، دەوڵەتێك کە بڕیار وابوو بۆ چۆڵکردنی زیندانەکان چارەسەرێك بدۆزێتەوە، لەم ماوەیەدا تەنیا شایەتحاڵ و لەوەش خراپتر، پاساودەر و ڕەوایی‌پێدەری ئیعدامە بەربڵاوەکان بووە. ئاماری زیاتر لە ٢ ئیعدام لە هەر ڕۆژێکی تەمەنی ئەم دەوڵەتەدا دەربڕی یەکێك لە ڕەشترین قۆناغەکانی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی بووە، بەو جیاوازییەوە کە ئێستا کراسی حەریری تەدبیر و ئومێد و نەرمی‌نواندن بە بەژنی سێدارەدا کراوە.

لەم بوارەدا ڕەنگە بتوانین لە سێدارەدانی نزیك بە ٤٠ بەندکراوی سیاسی و مەدەنیی بەلووچ، کورد و عەرەب لە نیوەی یەکەمی خەزەڵوەری ئەمساڵدا، بە وەبیرهێنەری کوشتوبڕەکانی دەیەی ٦٠ بزانین، کۆمەڵکوژییەك کە لەو سەردەمەشدا کەسێکی وەك حەسەن ڕووحانی لەو باوەڕەدا بوو کە ئەگەر لە ڕێورەسمی نوێژی هەینی و لە بەرانبەر چاوی خەڵکدا بەڕێوە بچێت، بەسوودتر! و شوێندانەرتر (و لە ڕاستیدا تۆقێنەرتر و خنکێنەرتر) دەبێت.

لە بواری ئازادیی دەربڕین و ڕاگەیەنەکانیشدا نەك هەر کرانەوەیەك ڕووی نەداوە، بەڵکوو تەنانەت ئەو ڕۆژنامانەش کە لە سەردەمی کابینەی پێشوودا چالاك بوون، لەگەڵ گوشار و داخران و سانسۆری زیاتر بەرەوڕوو دەبن، بە جۆرێك کە تەنانەت ڕۆژنامەی ئیسلاحخوازی "بەهار"یش داخراوە و نەك هەر دەنگی ڕووحانی و پشتیوانانی بەرز نەبۆتەوە، بەڵکوو تەنانەت خودی ئیسلاحخوازانیش کەوتوونەتە بێ‌دەنگی و پاساوهێنانەوە بۆ ئەو بارودۆخە. کۆکردنەوەی سەتەلایتەکان، سانسۆر، پارازیت، فیلترینگ و چاوەدێری بە سەر ناوەڕۆکی کتێب و چاپەمەنییەکاندا بە خەستیی جاران و بگرە بە بەربڵاوییەکی زیاتریشەوە درێژەی هەیە. دەوڵەتی ڕووحانی تەنانەت خۆ لە هەر جۆرە دەربڕینێك لە پێوەندی لەگەڵ بەندکراوانی سیاسیی ناسراوی وەکوو مووسەوی و کەڕووبیدا دەبوێرێ و دەزگای دیپلۆماسیی ڕێژیمیش لە بەرانبەر پرسیاری هەواڵنێرە بیانییەکاندا لەمەڕ چارەنووسی هێندێك لە بەندکراوانی بەناوبانگ، لە بنەڕەتدا خۆی گێل دەکات و سەرسووڕهێنەر ئەوەیە کە بانگەشەی ئەوەش دەکەن کە بە هۆی سەربەخۆیی دەزگای دادوەریی ڕێژیم، دەوڵەت ناتوانێ لەم پێوەندییەدا کارێك بکات. لە کاتێکدا کە لە بەرەبەری سەردانەکەی ڕووحانی بۆ نیۆیۆرك و لە کردەوەیەکی هاوئاهەنگدا بۆ نیشاندانی کاریگەریی ئەو لەسەر گۆڕانی ئەرێنیی بارودۆخی ئێران، چەندین کەس لە بەندکراوانی سیاسیی ئیسلاحخواز کە ماوەی بەندکرانیان ڕوو لە کۆتایی بوو، بە دانانی بارمتەی قورس، ئازاد کران یان مۆڵەتی مەرەخەسییان پێ درا تا بە دنیا بڵێن کە بە بەرەکەتی دەوڵەتی نوێ شنەبای گۆڕان لە ئێراندا هەڵی کردووە و جیهان دەبێ ئەم هەلە بقۆزێتەوە. لایەنگرانی ڕووحانی کە ئێستا ئیعدامەکان بە ئاکامی سەربەخۆیی دەزگای دادوەری و کارشکێنیی توندڕەوەکان دەزانن، لەو سەردەمەدا هەر ڕووداوێکی ئەرێنی بچووك یان گەورەییان دەدایە پاڵ ڕووحانی و سپاسی ناوبراویان دەکرد. هەر بۆیە هەموو سەرکەوتنە وەرزشییەکان وەك سەرکەوتنی تیمەکانی فووتباڵ و والیباڵیشیان بە پەڕجۆی مەسیحایی ڕووحانی دەزانی، بەڵام دۆڕانە قورسەکانی بۆ نموونە وەرزشی ژنان و بێ‌ئابڕوویی و گەندەڵی بەربڵاو لە فووتباڵدا لەگەڵ بێ‌دەنگی بەرەوڕوو بوو.

لە بواری ئابووریدا، شەپۆلی گرانی، مایەپووچبوونی کارگەکان، هەڵاوسان و بێکاری هەروا لە بەرزبوونەوەدایە و ئامارەکانی ناوەندە ئابوورییە نێونەتەوەییەکان باس لەوە دەکەن کە دەوڵەتی ڕووحانی نە دەسکەوتێکی لە چارەسەر و لابردنی کێشە ئابووری و بژێوییەکانی خەڵکدا هەبووە و نە پلانێکی کردەکی و بەرچاوی لەم بوارەدا بۆ داهاتوو بەدەستەوەیە. وەزیرەکانی دەوڵەت لە بەر بەتاڵبوونی سندووقی خەزانە و کورتهێنانی بوودجە دەناڵێنن و هەوڵ دەدەن تاوانی هەموو کەموکوڕییەکان بخەنە ئەستۆی کابینەی پێشوو، وەك ئەوەی کە پێشتر ئاگایان لە دۆخی شپرزەی ئابووریی ڕێژیم لەم چەند ساڵەی دواییدا نەبوویێت. زیادکردنی ڕێژەی ٣٠٪ بە نرخی ئۆتۆمبیل، بڕینی یارانەکان و گرانکردنی ئاو و بەرق لەو چارەسەرانەن کە تا هەنووکە دەوڵەتی تەدبیر و ئومێد (ڕەنگە بۆ باشترکردنی دۆخی ژیانی خەڵك!!) بیری لێ کردۆتەوە.

دیپلۆماسی گرینگترین بوارێکە کە ڕووحانی و لایەنگرانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە و بەشێکی گرینگ لە بەڵێنییەکانی ئەو، بۆ نموونە کەمکردنەوە و لابردنی گەمارۆ ئابوورییەکان، ڕەواندنەوەی بارگرژییەکان لە سیاسەتی دەرەکیدا و کرانەوە بە ڕووی ڕۆژئاوادا لە خۆ دەگرێت. لەم پێوەندییەدا تەنانەت بەرپرسایەتیی وتووێژە ناوکییەکان لە ئەنجوومەنی باڵای ئەمنییەتی ڕێژیمەوە گوازرایەوە بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە تاکوو تیمی ڕووحانی ـ زەریف بە ئاسوودەیی و دەسەڵاتێکی زیاترەوە کە لەلایەن ڕێژیمەوە پێیان درابوو، ڕەوتی دەربازکردنی ڕێژیم لە گێژاوی گەمارۆکان بە خێرایی بەرەو پێش ببەن. بەڵام تەنیا کارێك کە تا ئێستا و لە ماوەی ئەم سەد ڕۆژەدا دەزگای سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیم توانیویە جێبەجێی بکات، نەك لابردنی گەمارۆ پێشووەکان، بەڵکوو پێشگرتن لە دانانی گەمارۆی نوێ بووە، دۆخێك کە هەڵبەت هەنووکە بە هەوڵەکانی یەکیەتیی ئورووپا و کۆنگرێسی ئەمریکا لەمەڕ دانانی گەمارۆی نوێ وێناچێ زۆر بخایەنێت.

لە پێوەندی لەگەڵ دۆسیەی ناوکیدا تا ئێستا ڕێککەوتنێکی بەرچاو و تایبەت کە بتوانێ ئاڵوگۆڕێك لە دۆخەکەدا پێك بێنێت، نەهاتۆتە ئاراوە و هەر لەم چەند ڕۆژەی دواییدا ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی ڕایگەیاند کە لە سێ مانگی سەرەتای کاری ڕووحانیدا، ڕادەی پاشەکەوتی ئۆرانیۆمی ٢٠٪ پیتێنراوی ئێران، ٥٪ زیادی کردووە و ڕێژیم بە هەموو توانای خۆیەوە درێژەی بە پەرەپێدانی بەرنامەی ناوکی داوە کە ئەمەش بە پێچەوانەی هەوڵەکانی بۆ باشترکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا و دراوسێکان و لابردنی گەمارۆکانە.

لە بواری مافی نەتەوەکاندا کە بەشێکی زۆر لە چالاکانی نەتەوەکانی هەڵفریواند، ڕووحانی کۆمەڵێك وادە و بەڵێنیی وەك گۆڕینی ڕوانینی ئەمنیەتی بەرانبەر بە ئەقوام!، دانانی یەکێك لە جێگرەکانی سەرکۆمار وەکوو بەرپرسی کاروباری ئەقوام، کەڵکوەرگرتن لە کەسانی سەر بە نەتەوەکان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا و جێبەجێکردنی مادەکانی ١٥ و ١٩ و خوێندن بە زمانی زگماکیی دابوو.

بەڵام ئاکامی هەموو ئەم بەڵێنیانە، دیاریکردنی عەلی یوونسی کەسایەتیی ئەمنیەتیی ناسراوی ڕێژیم وەکوو نوێنەری سەرکۆمار لە بواری کەمینە ئایینی و قەومییەکاندا، ئیعدام و سەرکوتی زیاتر لە بەلووچستان، کوردستان و ئەهواز و داخستنی بڵاڤۆك و ئەنجومەنە ئەدەبییە کوردییەکان بووە. لە بواری داڕشتنی مافە شارۆمەندییەکانیشدا کە ڕووحانی زۆر بە چڕی باسی لەسەر دەکرد، نەك هەر تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی نەهاوێشتووە، بەڵکوو بە پەسەندکردنی هێندێك یاسای وەك هاوسەرگیری لەگەڵ "فرزندخواندە" و درێژەکێشانی پێشێلکاری و نکۆڵیکردن لە مافەکانی ژنان، سونییەکان، بەهاییەکان، دەروێشە گونابادییەکان و سەرکوت و سووکایەتی بە خەڵکی یارسان، ڕەوتی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ڕێسا پەسەندکراوەکانی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ لە لایەن ڕێژیمەوە پەرەی سەندووە.

بە کورتی، ئەوەی کە ڕووحانی لە ماوەی ئەم سەد ڕۆژەدا سەلماندوویە، ئەوەیە کە ئەو هاتووە تاکوو شتێك نۆژەن بکاتەوە و لە داوەشان ڕزگاری بکات (ڕەوایی و هژموونیی نێوخۆیی و دەرەکیی ڕێژیم) نەك ئەوەی کە دۆخێك بەرەو باشبوون ببات (مافەکانی مرۆڤ یان بژێوی ژیانی خەڵك).

# هەنگاوە مەدەنییەکانی نەتەوەی کورد و هاوتەریبیی لەگەڵ بەجیهانی بوون

چەکۆ ئەحمەدی

> **هەستی ناسیۆنالیستی و خواستی ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەیی لای هەموو نەتەوەکان، هاندەرێکی بەهێز بووە بۆ هەوڵدان بەرەو دۆزینەوەی خەباتە جۆراوجۆرەکان و گەیشتن بە ئامانج**

یەکێك لە ڕەواترین و سەردەمیانەترین شێوازەکانی خەبات لە یەك سەدەی ڕابردووا خەباتی مەدەنی و جەماوەرییە کە ئەم شێوازە لە خەبات، نیشاندەری پێگەیشتوویی کۆمەڵگایە کە لەم بوارەدا ئەکتیڤە. ئەگەر بە کورتی و بە ساکارترین شێواز پێناسەی خەباتی مەدەنی بکرێت دەبێ بگوترێ "بەشداریی چالاکانەی تاکی کۆمەڵگا لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی"دا بناخەی خەباتی مەدەنییە. ئەمە بە جۆرێکە کە ناکرێ تەنانەت بەشدارنەبوونی تاکەکانی کۆمەڵگا لەم بوارەدا وێنا بکرێت.

نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش لەم بوارەدا ڕابردوویەکی دوور و درێژ و زێڕینی هەیە و بە کردەوە سەلماندویە کە پێگەیشتوویی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی لە مانای ڕاستەقینەی خۆیدا بیچمی گرتووە و لە هەر دەرفەتێکی لواو بۆ بەڕێوەبردنی ئەم شێوازە خەباتەیش کەڵکی بەجێی وەرگرتووە. پێشوازی نەکردنی خەڵکی مەهاباد لە شای ئێران پاش شەهیدکرانی پێشەوای نەمر (ظهور و سقوط سلطنت پهلوی_ ارتشبد حسین فردوست)، کۆڕەوی هەزاران کەسیی ساڵی ١٣٥٨ لە مەریوان، مانگرتنی خەڵکی ناوچەی پاوە لە قۆڕی قەڵا ١٣٥٨، هاتنە سەر شەقامی خەڵکی کامیاران بۆ پشتگرتن لە هێرشی چەکدارانی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان لە ساڵی ١٣٥٩، مانگرتنی ٢٢ی پووشپەڕ لە زۆربەی شارەکانی کوردستان و مانگرتن و ڕێپێوان دژی کردەوە نامرۆییەکانی ڕێژیم بەرامبەر بە نەتەوەی کورد لەم ساڵانەی دواییدا نیشاندەری بیچم گرتنی هزری مەدەنیی تاکەکانی کوردە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

هەستی ناسیۆنالیستی و خواستی ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەیی لای هەموو نەتەوەکان، هاندەرێکی بەهێز بووە بۆ هەوڵدان بەرەو دۆزینەوەی خەباتە جۆراوجۆرەکان و گەیشتن بە ئامانج. نەتەوەی کوردیش هەردەم و لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا لە هەموو جۆرە خەباتێکی ڕەوا کەڵکی وەرگرتووە تاکوو ئەوەی مافی ڕەوایەتی بەدەستی بێنێت. سەردەمێکە تەنیا بە مەبەستی بەرگری لە خاك و خەڵکی خۆی، ناچار بە خەباتی چەکداری کراوە و تەنانەت لەم شێوازە لە خەباتیشدا هەموو پێوەرە مرۆییەکانی لەبەرچاو گرتووە، بەپێی ئیمکان هەرگیز نەیهێشتووە کۆنوانسیۆنە نێونەتەوەییەکان پێشێل بکرێت و تەنانەت مافی دوژمنە داگیرکەرەکەشی پاراستووە و لەم ڕێگایەشدا حیزبی دێموکرات بە واتایەکی ڕاستەقینە پێشەنگ بوونی خۆیی سەلماندووە. بەڵام پاش ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و جیهان و پەرەگرتنی بەجیهانیبوون و زەق بوونەوە پرسی مافەکانی مرۆڤ لە شوێنە جیاوازەکانی جیهان، نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتیش زۆر وشیارانە لایەنی مەدەنیی خەباتی زەقتر کردەوە و چالاکییەکان لەم بوارەدا چڕ و پڕتر کرایەوە. لە دوو دەیەی ڕابردوودا گەلێك چالاکیی مەدەنیی بەڕێوە چووە کە ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لەم پێوەندیەدا بۆ هەموو چاوەدێران و کەسایەتی و حیزبە سیاسییەکان ڕوون و ئاشکرایە و لانیکەم لە بواری جێگر کردنی کلتووری سەردەمیانە و پێگەیاندنی هزری سیاسی و کۆمەڵایەتیی تاکەکانی کوردی ڕۆژهەڵات دەستکەوتی باش دەستەبەر بووە و ئێمەی کورد دەتوانین لە کۆڕ و کۆبوونەوە جیهانی و ناوچەیی و ئێرانییەکاندا بە شانازییەوە باسی هەموو شێوەیەك لە خەباتەکانمان بکەین و بانگەشەی پێشکەوتوویی نەتەوەکەمان بکەین.

لە ماوەی یەك مانگی ڕابردوودا و لەلایەن دەوڵەتێکەوە کە بەشێك لە سیاسەتوانان و وڵاتانی ڕۆژئاوا بە دەوڵەتێکی کراوە و پاشگەز بووەوە لە ڕەفتاری نەشیاو بە ئەژمار دەهات، کۆمەڵێك لە لاوانی نەتەوەکانی ئێران لە سێدارە دران و شۆکێکی قورسی دا بەو کەسانەی چاوەڕێی "موعجزە" بوون لەم دەوڵەتە نوێیە. بەڵام بە خۆشییەوە بەشی هەرە زۆری حیزب و کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد نەکەوتنە نێو داوی بزەی سەر لێوی کاربەدەستانی نوێی حکوومەت و لە یەکەم ساتەکانی ڕوودانی ئەم کردەوە نامرۆییەی ڕێژیم هەڵوێست گیرا و دیسان خەباتی مەدەنی لە زۆر شوێنی جیهان و دژی ئەم ئیعدامانە بیچمی گرت و لەبەرامبەر ئەم کردەوە نامرۆڤانەی ڕێژیمدا هەڵوێستی بەجێ گیرا. لە بەشێك لە پێتەختەکانی جیهاندا مانگرتن و ڕێپێوان دەستی پێکرد. چەندها کەمپەین بە مەبەستی ئاگادار کردنەوە و یەکخستنی تاکەکانی کوردی و ئێرانی ساز درا و هەر یەکەو بە شێوازی خۆی دەستی دایە چالاکی بۆ پێشگرتن بە ئیعدامی زیاتری لاوانی کورد و ئێرانی، هەموو حیزبەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە زووترین کات هەڵوێستیان گرت و هاوکات لەگەڵ مەحکووم کردنی ئەو کارەساتە مرۆییە، لە هەموو ئامرازەکانی بەردەست کەڵك وەرگیرا و بۆ ئاگادار کردنەوەی ڕای گشتی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە هەموو جیهان بە مەبەستی پێشگرتن بەو جینایەتانەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە کۆمەڵگای مرۆیی بەتایبەت نەتەوەی کورد دەیکات. لاوانی کورد و ڕێکخراوەکانی سەربە حیزبی دێموکرات لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بە شێوەیەکی چالاك، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئایدۆلۆژیی حیزبی و تاکەکەسی، بە شێوەیەکی یەکگرتوو دەستیان دایە دەربڕینی نارەزایەتی و دیسانەوە نیشانیان دا کە نەتەوەی کورد لە هەر دۆخێکدا بێت ئامادەیە بۆ گەیشتن بە ئامانج، هەر جۆرە تیچوویەك بدات و لە هیچ جۆرە زەبر و زەنگێك سڵ ناکاتەوە و دەیسەلمێنێ کە هێڵی هزریی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو پڕ ڕێبوارە و تا گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانی نەتەوەی کورد و قاسملوو ئەم ڕێگایە درێژەی دەبێ.

# ئامانجی ئێران و ئامریکا لە وتووێژەکان

شەهاب خالیدی

ئامریکا بە پێچەوانەی ئیسرائیل بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ پرۆگرامی ناوکیی ئێران، نایهەوێ ڕێگاچارەی نیزامی، واتە هێرش بۆ سەر بنکە ناوکییەکانی ئێران هەڵبژێرێ کە لەوانەیە لە بواری سیاسی و ئابوورییەوە لە بەرژەوەندیی ئەو وڵاتەدا نەبێ. بۆیە هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە کار بۆ ئەوەی کە لەو نێوەدا هەم ئوروپاییەکان وەك کارتێکی بەهێز لە دژی ئێران بەکار بێنێ و هەمیش بۆ خۆی لە ڕێگای دیپلۆماسییەوە پێش بە ئێرانێکی ئەتۆمی بگرێ.

بەڵام لە لایەکی دیکەوە هێندێك لە کارناسانی سیاسی لە سەر ئەو بڕوایەن کە ئامریکا دەیهەوێ لە کەنداودا ئێرانێکی بەهێز لە بەرامبەر وڵاتە ئەو ڕێژیمە بگرێ، بۆیەش زۆربەی کارناسانی سیاسی لەسەر ئەو بڕوایەن کە ڕێژیمی ئێران تەنیا و تەنیا بۆ سووك کردنەوەی باری قورسی گەمارۆکان و بۆ وەدەستهێنانی کات بە ئامانجی دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی و ڕزگاربوون لەو گۆشەگیرییە سیاسییە و باشترکردنی ڕەوشی ئابووری، خۆی بە ئامریکا (شەیتانی گەورە) نزیك کردۆتەوە، هەر بۆیەش ئەو پەیوەندی گرتن و نزیك بوونانە تاکتیکێکن و وێدەچێ تا ماوەیێکی دوور و درێژ نەخایەنن و کەلێنیان تێ بکەوێ.

هەروەها بە بوونی کۆسپ و لەمپەڕەکانی دیکەی لە سەر ڕێی ئەو وتووێژانە وەك: کێشە و قەیرانی سووریە و پشتیوانیی ڕێژیمی ئێران لە بەشار ئەسەد، نیگەرانیی وڵاتانی وەك عەرەبستانی سعوودی، بریتانیا و بەتایبەتی ئیسرائیل لە پرۆسەی



عەرەبییەکان و بەتایبەتی عەرەبستانی سعوودیدا هەبێ، بۆ ئەوەی کە ئەو وڵاتە عەرەبیانەی کەنداو و بەتایبەتی عەرەبستانی سەعوودی لە بەرامبەر ئێرانێکی بەهێزدا پێویستیان بە پشتیوانیی سیاسیی ئامریکا هەبێ و ئامریکاش لە بەرامبەر ئەو پشتیوانییە سیاسییە، بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا بەدەست بێنێ.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش زۆر زیرەکانە پرسی ناوکی و کێشانی هێڵێکی سوور لە دەوری پرسی پیتاندنی ئۆرانیۆمی کردۆتە کارتێکی بەهێز لە دەستی خۆیدا، هەم بۆ وەرگرتنی ئیمتیازگەلێکی وەك سووك کردنەوەی گەمارۆ ئابوورییەکانی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان لەسەر خۆی، لە بەرامبەر هێندێکجار ئیزن دان بە پشکێنەران بۆ سەردانی بنکە ناوکیەکانی و ...، و لەلایەکی دیکەوە بۆ بێدەنگ کردنی ڕۆژئاواییەکان لە بەرامبەر ئەو هەموو زوڵم و ستەم و پێشێلکارییانەی دژی هاووڵاتیان لە نێوخۆی وڵاتدا بەڕێوەی دەبات.

بەڵام وا دیارە کە ڕۆژئاواییەکان ناتوانن ئیمتیازێکی وەها بە ئێران بدەن کە ئەو ئیمتیازە بتوانێ جێگای دروست کردنی چەکی ئەتۆمی لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی وتووێژەکان، هەروەها دژایەتییە نێوخۆییەکان لەگەڵ ڕەوتی وتووێژەکان بەتایبەتی ئەو هەڵوێستە توندەی کە هێندێك لە نوێنەرانی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی لە دژی وتووێژەکان لە خۆیان نیشان دا و ئەو ڕەخنە توندانەی ئەحمەد خاتەمی لە ئامریکا لە نوێژی هەینیی تاران و دانی دروشمی "مەرگ بۆ ئامریکا"، و هەروەها ستراتیژی نەبوونی ئەو وتووێژانە و ئەو ڕاستییە کە بڕیاری کۆتایی لە دەستی خامنەیی وەك وەلیی فەقیهدایە، زۆر ئاستەمە کە وتووێژەکان ئەنجامێکی دڵخوازیان لێ بکەوێتەوە.

هەروەها لە کۆتاییدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو وتووێژانە ئەوکات دەتوانن لە بەرژەوندیی زۆربەی چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگای ئێراندا بن کە بتوانێ کۆتایی بەو هەموو جیاوازییە مەزهەبی، نەتەوەییە و ئەو هەموو زوڵم و ستەم و پێشێلکارییەی ڕێژیمی ئێران بە دژی خۆیان بێنێ، کە ئەویش لە چوارچێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دوور لە چاوەڕوانییە و بێگومان تەنیا بە ڕووخانی ئەو ڕێژیمەیە کە ئاواتەکانیان دەتوانێ وەدی بێ، نەك بەو وتووێژانەی کە هەر یەك لە لایەنەکانی وتووێژکار ئامانج و مەبەستیان، پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆیانە.

# پێوەندیی نێوان تورکیە و عێراق

موعتەسەم نوورانی

پێوەندییەکانی ئانکارا و بەغدا دوای داگیرکردنی عێراق بە هۆی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٣دا کەوتە قۆناغێکی نوێ. پەرەگرتنی پێوەندییەکان لە ڕەهەندە سیاسی، ئابووری و ئەمنییەکاندا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، وەك ستراتژی دەوڵەتی ڕەجەب تەیب ئەردوغان، لە ڕێزی سەرەوەی پرۆسەی سیاسیی تورکیەدا دانراون. بەهێزکردنی پێوەندییەکان لەگەڵ عێراق و وڵاتانی دیکەی دراوسێ و حەرەکەت بەرەو لابردنی گرژی و ناکۆکییەکان خاڵێکی گرینگ بوو لە سترتراتیژیی "بنبڕکردنی گرژی و ناکۆکیی جیرانەکان". نیشانەکانی ئەو حەرەکەتە لە کتێبی "قووڵایی ستراتیژیك"ی ئەحمەد داوودئۆغلوو، وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیادا بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێ. لەو ڕەهەندەدا دەوڵەتی تورك بە هەستکردن بە کێشە و درزەکانی نەتەوەیی، ئایینی و ئایینزایی، شەڕی خوێناویی تایفی و ئایینزایی شیعە و سونی لە عێراقدا، سیاسەتی ناوبژیوانی بێلایەنانەی گرتەپێش.

بەڵام تورکیە سەبارەت بە کوردەکان بەتایبەت پێکهاتنی دەوڵەتێکی کوردی لە باکووری عێراق نیگەران بوو، بە هەموو شێوەیەك دژایەتی دەکرد. بەتایبەت پرسی کورد لە تورکیە و شەڕی پ ك ك بۆ ئەوان زۆر گرینگ بوو کە بۆ ئانکارا کۆسپی سەرەکی بوو. بەدوای ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەوڵەتی ئۆردۆغان گەییشتە سەر ئەو قەناعەتە کە کێشەی کورد ڕێگاچارەی سەربازی نییە و دەبێ لە ڕێگای دیلۆگ و دانووستان چارەسەر بکرێ، لەگەڵ ئەوەی بە ترسەوە چاوەڕوانی ڕووداوەکانی دەکرد. مەسەلەی بەرژەوەندیی ئابووری و وەبەرهێنان لە ناوچەی ئەمنی بە نەوت و گاز دەوڵەمەندی هەرێمی کوردستان، بۆ تورکیە جێگای تێڕامان بوو و نەدەکرا وا بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو هەمووە قازانجە بێت. لەگەڵ ئەوی لە ناوچەکانی دیکەی عێراق نائەمنی و تەقینەوە و شەڕی خوێناویی لەئارادا بوو، کوردەکان ئەزموونی دەسەڵاتدارەییان کەم بەڵام توانییان لە چاو تورکیە و ئێران و عێراق و سوریە ببنە نموونە، بۆیە تورکیە بە خێرایی پەرەی دا بە بازرگانی و کۆمپانیاکانی تورك لە شارەکانی هەرێمی کوردستان دەستیان کرد بە وەبەرهێنان کە ئێستا هەرێمی کوردستان دوای ئاڵمان دووهەمین شەریکی بازرگانیی تورکیایە. قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و کڕین و فرۆش و وەبەرهێنانی کۆمپانیا تورکییەکان لە هەرێمی کوردستان دەگاتە زیاتر لە ١٠ میلیارد دۆلار لە ساڵدا.

ڕۆژنامەی واشینتۆن پۆست لە وتاری حەوتووی ڕابردوودا نووسیی "هەرێمی کوردستان بۆ فرۆشتنی نەوت و گاز و سەربەخۆیی زیاتر، پێوەندییەکانی لەگەڵ تورکیەدا پتەوتر دەکەن". ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سرووشتییەکان دەڵێ "ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە وەك عێراقییەکان بۆ دڵنیا بوون و مسۆگەر کردنی داهاتوومان ڕێگایەك بۆ هەناردەی نەوت و گازی کوردستان بدۆزینەوە". حکوومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٥٠ گرێبەستی لەگەڵ دەیان کۆمپانیای نەوتی وەك ئیکسۆن مۆبایل و شێڤرۆن واژۆ کردووە". گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای حکوومەتیی تورکیە واژۆ کرد کە لە ساڵدا ئەو کۆمپانیایە زیاتر لە ١٠ میلیار مەترسی سێجا گازی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای بۆرییەوە بۆ تورکیە دەگوازێتەوە. هەرێمی کوردستان توانیویەتی زۆر بە خێرایی گەشە بکا. تورکیە بۆ پەرەپێدانیی ئابووری ڕوو لە گەشەی خۆی پێویستی بە کانگای وزەی زۆر و هەرزانی هەرێمی کوردستان هەیە.

داوود ئۆغلوو وەزیری دەرەوەی تورکیە وتی "سپاسی هۆشیار زێباری دەکەم کە هەوڵێکی زۆری دا بۆ کەمکردنەوەی گرژیی چەند ساڵەی نێوان ئەو دوو وڵاتە، ئێمە دوو وڵاتی دراوسێ کە مێژووی هاوبەشمان هەیە کە ئەو مێژووە لە ناو ناچێ و وادەزانم سەرکەوتن و تێکۆشانمان هاوبەشە". هەروەها حوسێن چلیك جێگر و وتەبێژی حیزبی دادوگەشە وتی باشبوونی پێوەندیی ئانکارا و بەغدا بە مانای شەڕ و ناکۆکی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان نییە".

ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەگەر عێراق و تورکیە ئەیانەوێ پێوەندیی پتە و لۆژیکییان هەبێ پێویستە گرینگیی تایبەت بدەن بە کورد و چارەسەری کێشەی کورد لە سەرەوەی بەرنامەی سیاسی خۆیاندا بگونجێنن. چوونکە کوردستان لە ناوچەیەکی گرینگ و هەستیاری جوگرافیاییدا هەڵکەوتووە و بازنەی پێوەندیی نێوان ئانکارا ـ بەغدا، ژئۆپلۆتیکی تایبەتی هەیە. هەر گرێبەستێکی وزە لە نێوان ئەو دوو وڵاتە، بێ کوردستان مانای نییە، چوونکە بۆرییەکانی نەوت و گازی عێراق بۆ تورکیە بە کوردستاندا تێدەپەڕێ. بۆ ئەوەی کوردستان ئەمن بێ، دەبێ مافی کورد دابین بکرێ، کاتێك ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەقامگیر دەبێ کە کێشەی کورد چارەسەر بکرێ.

www.washington post.com

# ئاوڕدانەوەیەک لە کوشتاری خەڵکی سڤیلی گوندەکانی سۆفیان و بایزاوێ

ناسر سالحی ئەسل

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ی گەلانی ئێران و بەتاڵان بردنی دەسکەوتەکانی لە لایەن ئاخوندەکانەوە، ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی "کۆماری ئیسلامیی ئێران" بە هەموو شێوەیەك دژایەتیی ئەو فەزا ئازاد و دێموکراتیکەی دەکرد کە لە کوردستاندا پێکهاتبوو و ببوو بە قیبلەگای ئازادیخوازانی گەلانی ئێران، هەر بۆیە هێزە چەکدارەکانی کومیتە و پاسدار و ئەرتەشی ڕەوانەی کوردستان کرد تا هەم ئەم فەزا ئازاد و دێموکراتیکە لە ناو ببەن و هەم خەڵکی کوردستان لە ویست و داخوازیی نەتەویی پاشگەز بکەنەوە و زیندان و کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکییان گرتەبەر.

ڕێژیم لە لایەك دەیویست بە گرتنەوەی شار و گوندەکان و سەرکوتی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردی، دەنگی ئازادیخوازی و مافویستیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا کپ بکات و لە لایەکی دیکەشەوە بە کوشتاری خەڵکی سڤیلی گوندەکان، هەم وورەی هێزی پێشمەرگە و جەماوەری خەڵکی کوردستان تێك بشکێنیت و لە هەمان کاتدا کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی سڤیلی گوندەکانی کوردستانی لەبەرچاوی ڕای گشتی بشارێتەوە تاکوو دەسەڵاتی ڕەشی خۆی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێت. کاربەدەستانی ڕێژیم، زۆرجار دوای شکستی شەڕ لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ بەرزکردنەوەی وورەی هێزەکانیان، پەلاماری خەڵکی بێ دیفاعی گوندەکانی دەدا، و لە ئاکامدا دەیان کەسی بێ دیفاعی لە ژن و پیاو و منداڵی کوردی کوشت و بڕ دەکرد. ڕۆژی ١٧ی خەزەڵوەری ١٣٥٩ی هەتاوی، چەکدارەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیم پەلاماری گوندەکانی سۆفیان و بایزاوێ لە ناوچەی پیرانشاریان دا و لەو هێرشەدا دەیان کەسیان بە شێوەیەکی دڕندانە کوشت، ناوی بەشێك لە شەهیدەکان بریتین لە: ماموستا سەید حوسێن هاشمی مەلای گوند، سەید تاها توحیدی ماموستای قوتابخانەی گوند، سەیزادە زولێخا توحیدی، سەیفەدین شەمسی، ئەبووبەکر قازی زادە، سەید حەسەن موتەهەری، عبدولڕەحمان ئەفراسیاب، تاهیر ڕاستگو قوتابی، حاجی سەید حوسێن خزری، شێخ محەممەد خزری و دوو کەسی خەڵکی گوندی "قوبە". هێزەکانی ڕێژیم ڕەحمیان بە سەیزادە زولێخا و حاجی حوسێن کە خۆیان بە سەر تەرمی برا و کوڕەکەی کێشا بوو، نەکرد و ئەوانیشیان کوشت. ئەو تاوانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی کورد لە لایەك وەك پەڵەیەکی ڕەش لە کارنامەی دەسەڵاتداری ڕێژیمدا دەمێنێتەوە و لە لایەکی دیکەوە نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانی سوورتر کرد لە بەرگری لە کەرامەت و نیشتمان و مافەکانی خۆیان، بۆ دابینکردنی ئازادی و دیمۆکراسی و مافی نەتەوایەتی. هەروەها ئەگەر دوژمنانی گەلی کورد پێیان وایە بە گرتنەبەر و پێڕەوکردنی سیاسەتی گرتن، زیندان و ئیعدام و کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی سڤیل بە ئامانجەکانیان دەگەن، دەبێ باش بزانن کە تۆزقاڵێك لە وورە و باوەڕی خەڵکی کوردستان بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی و ئازادی و دیمۆکراسی کەم ناکاتەوە، بەڵکوو زیاتر بە گوڕوتینتری دەکات. یادی ئەو شەهیدانە و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری بۆ هەمیشە لە دڵی خەڵکی خۆڕاگری کوردستاندا دەمێنێتەوە و خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان بەردەوام دەبێ.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 617 ■ 21 Nov 2013

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


زایەڵە

فاتیح ساڵحی

## ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە

کاتێ بۆ یەکەمین جار لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا، گەرووی ئازادی و ئازادیخوازیی هاتە دەنگ و بە دەنگێکی ساف و زوڵاڵ وتی "ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە"و ئەم دەنگە زوڵاڵە بە گژ دیکتاتۆر و سەرەڕۆییدا چووەوە، کەم کەس دەیانزانی کە لە پشت تێکنولۆژیای ئەم دەنگەوە، کەسێك هەیە کە کورد نییە و بە زەحمەت لە کوردییش تێ دەگا.

بەڵام ئەمە راستییەك بوو کە یەکێك لە بناغەدانەرانی رادیۆ دەنگی کوردستان لە بواری فەننییەوە موهەندسێکی ئازەری بوو کە ئەویش لە تاوی دیکتاتۆری و هەڵاواردن دەیویست یارمەتیدەر بێت بۆ بیستنی دەنگی ئازادی و ئازادیخوازی.

ئەمەیش سەلمێنەری ئەم حەقیقەتەیە کە لە هەر شوێنێك ئازادی و ئازادیخوازی بوونی هەبێت، کەسانێك هەن کە بەدوور لە فاکتەرەکانی رەگەز، ئایین، زمان و نەوتەوە ئامادەن گیانی خۆیان لە پێناو رزگاریی مرۆڤەکاندا دابنێن و لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێك درێغ ناکەن.

موهەندیس رەزا خەیاتی ئەو خەباتگێڕە بێ‌سنوورە بوو کە سەلماندی ئازادی و ئازادیخوازی سنوور ناناسێ و لە جوگرافیایەکی تایبەتیدا قەتیس نامێنێتەوە. بۆیە کاتێك کە بینی برا کوردەکانی لە کوردستانی ئێران شێلگیرانە لە بەرامبەر دیکتاتۆر و دیکتاتۆریدا راوەستاون، هاتە رێزی خەباتکارانی دێموکرات و تا دوایین چرکەکانی ژیانی ئامادە نەبوو ئەم ریزە پیرۆزە بە جێ بهێڵی و سەنگەری خەبات بە دژی دیکتاتۆری چۆڵ بکات.

موهەندیس رەزا خەیاتی هێمای دۆستایەتی و برایەتیی نەتەوەکانی کورد و تورك بوو. موهەندیس خەیاتی ئاماژە بوو بۆ رەوابوونی شۆڕشی کورد بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئاوێنەیەکی باڵانوێن بوو لە مرۆیی بوونی شۆڕشی خەڵکی کوردستان.

بەڵام ئەو پرسەی کە لێرەدا زۆر گرینگە و زیاتر لە هەر قۆناغێك خۆی دەنوێنێ باسکردنی ئەم راستییەیە کە خەڵکی کوردستان و شۆڕشگێڕانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە هەمبەر ئەو کەسانەی کە یارمەتی شۆڕشەکەیان دەدەن و ئامادەن گیانی خۆیان فیدای ئامانجەکانی شۆڕش بکەن، ئەو پەڕی ئەمەگناسی دەنوێنێ و ئەمەگناسی وانەیەکی مرۆییە کە شۆڕشگێرانی دێموکرات لە قوتابخانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران فێری دەبن.

هەر بۆیە دیتمان کە خەباتکارانی دێموکرات بە چ رێز و حورمەتێکەوە لە پرسە و سەرەخۆشیی موهەندیسەکەی دەنگی کوردستانی ئێران بەشدارییان کرد و بە چ شکۆیەکەوە سەری نەوازش و کڕنۆشیان بۆ ٣٣ ساڵ خەباتی ئەو خەباتگێڕە شۆڕشگێڕە دانەواند.














